Artuklu Kurdology
e-ISSN: 3062-0236
(19) March 2025

# سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا[1]

# The Rise of National Thought in Classical Kurdish Poetry

## Klasik Kürt Şiirinde Milliyetçi Düşüncenin Yükselişi

Rizgar Abdulkadir SAEED
https://orcid.org/0009-0008-1573-4206 | saeedrizgar@yahoo.com
Xwendekarê Lisansa Bilind, Zanîngeha Bingolê, Beşa Ziman û Edebiyata Kurdî, Bingol, Türkiye
ROR ID: https://ror.org/03hx84x94

Hemin Omar AHMAD
https://orcid.org/0000-0003-1985-9512| heminahmad40@gmail.com
Doç. Dr. Zanîngeha Bingolê, Beşa Ziman û Edebiyata Kurdî, Bingol, Türkiye
ROR ID: https://ror.org/03hx84x94


| | |
|---|---|
| **Jêgir**<br>*Citation*<br>Atıf | Saeed, R. A. & Ahmad, H.O. (2025). سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. Artuklu Kurdology (19). 33-58 DOI: 10.35859/artuklukurdology.1605503 |
| **Dîroka Şandinê**<br>Submission Date<br>Geliş tarihi | 22.12.2024 |
| **Dîroka Qebûlê**<br>*Acceptance Date*<br>Kabul Tarihi | 03.02.2025 |
| **Dîroka Weşandinê**<br>*Publication Date*<br>Yayın tarihi | 30.03.2025 |
| Cureyê Gotarê<br>*Article Type*<br>Makale Türü | Gotara vekolînê<br>Research article<br>Araştırma makalesi |
| Hakemtî<br>Peer-Review<br>Hakemlik | Cot Nenas – Du ji derve<br>Double anonymized - Two External<br>Çift Taraflı Kör Hakemlik – İki hakem |
| Beyana Etîk<br>*Ethical Statement*<br>Etik Beyanı | Hatîye beyankirin ku di pêkanîn û nivîsîna vê xebatê de hemû rêzikên zanistî û etîk hatine şopandin û hemû çavkanî bi awayekî têkûz hatine referanskirin<br>*It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited.*<br>Bu çalışma yapılırken ve yazılırken bilimsel ve etik ilkelere uyulduğu ve kullanılan tüm kaynaklara uygun şekilde atıfta bulunulduğu beyan edilir. |
| Kontrola İntihalê<br>*Plagiarism Checks*<br>Benzerlik Kontrolü | Belê – İntihal.net<br>*Yes – İntihal.net*<br>Evet – İntihal.net |
| Nakokiyên Berjewendiyan<br>*Conflicts of Interest*<br>Çikar Çatışması | Di gotarê de di navbera nivîskar û ti alîyên din nakokîya berjewendîyê tune ye.<br>*There is no conflict of interest between the author and any parties in the article.*<br>Yazar ile makalede yer alan taraflar arasında herhangi bir çıkar çatışması bulunmamaktadır. |
| Alîkarîya Darayî<br>*Grant Support*<br>Maddi Destek | Nivîskar beyan dike ku wan wî ji bo vê vekolînê ti fonên derveyî wernegirtine.<br>*The author(s) acknowledge that they received no external funding in support of this research.*<br>Yazar(lar), bu araştırmayı desteklemek için herhangi bir dış fon almadıklarını kabul etmektedirler. |
| Mafê Telîfê & Destûr<br>Copyright & License<br>Telif Hakkı & Lisanslama | Nivîskar li jer lîsansa CC BY-NC 4.0 mafê xwe yê li ser xebata xwe diparêzin.<br>*Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the CC BY-NC 4.0.*<br>Dergide yayın yapan yazarlar, CC BY-NC 4.0 kapsamında lisanslanan çalışmalarının telif haklarını saklı tutarlar. |
| Agahîyên İndeksan<br>Dizinleme Bilgisi<br>Indexing | DOAJ, ErihPlus, MLA, ProQuest, Linguistic Bibliography |


1 Ev gotar ji teza nivîskar a bi serenavê “Gutarî Netewegerî le Şî’rekanî Hêmîn da” hatiye wergirtin.

**کورتە**

هزری نەتەوایەتی وەکو یەکێک لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان بووەتە بابەت و ناوەڕۆکی زۆر ژانری ئەدەبی، بەتایبەت شیعر. ئەدەبیاتی کوردیش پێشوازییەکی بەرچاوی لە هزری نەتەوایەتی کردووە و شاعیرانی کورد بە سەدان شیعر و بەرهەمیان لەسەر بنیاتناوە. یەکەم کەسیش کە زۆر بە ڕوونی ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە (ئەحمەدی خانی) شاعێری کلاسیکی کوردییە، کە بە ڕێچکەشکێن و تەنانەت باوکی هزری نەتەوایەتیی کوردی ناودەبرێت. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵی داوە ناوەڕۆکی خۆی بۆ هزری نەتەوایەتی بە شێوەیەکی گشتی و لای شاعیری کلاسیکی کورد (خانی) بە تایبەتی تەرخان بکات و پەردە لەسەر ئەو هزرە نەتەوایەتییانە لابدات کە خانی لە دووتوێی بەرهەمەکەی خۆی بەرجەستەی کردوون. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەگشتی بیرورا جیاوازەکانی نووسەر و لێکۆڵەرەوەکانی کورد لەسەر هزری نەتەوایەتی (خانی) تاوتوێ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش ناوەڕۆکی توێژینەوەکە کراوە بە دوو بەشی سەرەکی، کە لە بەشی یەکەمدا هزری نەتەوایەتی لە چەند لایەنێکی وەکو: چەمک و تیۆر و مێژووی سەرهەڵدان و پەیوەندی لەگەڵ ئەدەب دەخاتەڕوو، هەروەها باسی هزری نەتەوایەتی لە لای کورد و ڕەنگدانەوەی لە ناو شیعری کوردی دەکات. لە بەشی دووەمیشدا تیشک دەخاتە سەر (خانی)، وەکو نموونەیەکی شاعیری کلاسیکی کوردی، چەند لایەنێکی هزری نەتەوایەتی لە (مەم و زین)ەکەی، وەکو لایەنی: بەرجەستەکردنی ناسنامەی کلتوری کوردی، کلتوری ئازایەتی و چاونەترسی و ناتەبایی و دووبەرەکی، وروژاندن و دروستکردنی هەست و ویستی ئازادی و سەربەخۆیی لە ناخی میللەتی کورد، خزمەتی زمان وئەدەبیاتی کوردی و هەوڵ بۆ بەرجەستەکردنی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی... هیتر، پێشکەشدەکات.

**وشەی سەرەکی**

هزری نەتەوایەتی، ئەدەبی نەتەوایەتی، ئەحمەدی خانی، شیعری نەتەوایەتی، ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی

**خاڵە سەرەکییەکان**

لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەحمەدی خانی بە باوکی هزری نەتەوەیی دادەنرێ.

هەموو بنەماکانی ناسنامەی نەتەوایەتی، لە بەرهەمەکانی خانی ڕەنگیداوەتەوە.

کاریگەری هزری نەتەوایەتی خانی، لەسەر هۆشیاری نەتەوایەتی ئەدیب و ڕۆشەنبیرانی کورد دەبینرێت.

خانی بە پاشخانێکی ئیسلامی هەوڵی ئەوەی داوە لە چوارچێوەی ئیسلامەوە باس لە هەستی نەتەوایەتی بکات.

## Abstract

National thought as one of the most important and sensitive issues has become the subject and content of many literary genres, especially poetry. Kurdish literature has welcomed national thought and Kurdish poets have written hundreds of poems and works on it. The first person to look at this issue very clearly is the classical Kurdish poet Ahmadi Khani, who is called the pioneer and even the father of Kurdish national thought. This study has tried to devote its content to national thought in general and the classical Kurdish poet Khani in particular and to unveil the national thought that Khani embodied in his work. This study also attempts to discuss the different opinions of Kurdish writers and researchers on Khani's national thought. For this purpose, the content of the research is divided into two main parts. In the first part, national thought is presented in several aspects such as: concepts, theories, history of emergence and relationship with literature. In the second part, he focuses on Khani, as an example of a classical Kurdish poet, several aspects of national thought in his Mam and Zin, such as: embodying Kurdish cultural identity, culture of courage, fearlessness, discord and division The desire for freedom and independence in the heart of the Kurdish nation, the service of language Kurdish literature and efforts to embody national feelings and consciousness, etc.

**Keywords:** National thought, Literature and nationalism, Ahmadi Khani, National poetry, Classical Kurdish Literature

## Highlights

• In classical Kurdish poetry, Ahmadi Khani is considered the father of national thought.

• All the principles of national identity are reflected in Khani's works.

• The influence of Khani's national thought on the national consciousness of Kurdish writers and intellectuals can be seen.

• With an Islamic background, Khani tried to express national feelings within the framework of Islam


## Öz

Millî düşünce, edebiyatın en önemli ve hassas konularından biridir ve başta şiir olmak üzere birçok edebî türün içeriğini oluşturmuştur. Kürt edebiyatı da millî düşünceye önemli bir yer vermiş, Kürt şairler bu konuda zengin bir külliyat oluşturmuşlardır. Bu alanda öncü rol oynayan kişi, Kürt ulusal düşüncesinin kurucusu ve babası olarak kabul edilen klasik Kürt şairi Ahmedî Hanî'dir. Bu çalışma, genel olarak millî düşünceyi ve özel olarak Ahmedî Hanî'nin eserlerinde yansıttığı millî düşünceyi incelemektedir. Ayrıca Kürt yazar ve araştırmacıların Hanî'nin ulusal düşüncesi hakkındaki farklı görüşlerini de ele almaktadır. Araştırma iki ana bölümden oluşmaktadır: Birinci bölümde millî düşünce; kavramlar, teoriler, tarihsel gelişim ve edebiyatla ilişkisi açısından incelenmektedir. İkinci bölümde ise Hanî'nin "Mem û Zîn" eserinde Kürt kültürel kimliğini, cesaret kültürünü, ayrılık ve bölünme sorunlarını nasıl ele aldığı ve millî bilinci nasıl temsil ettiği analiz edilmektedir.


**Anahtar Kelimeler:** Millî Düşünce, Millî Edebiyat, Ahmedî Hanî, Millî Şiir, Klasik Kürt Edebiyatı

## Öne Çıkanlar

• Ahmedî Hanî, klasik Kürt şiirinde millî düşüncenin kurucusu olarak kabul edilmektedir.

• Millî kimliğin temel ilkeleri Hanî'nin eserlerinde kapsamlı biçimde yansıtılmıştır.

• Hanî'nin millî düşüncesi, sonraki nesillerdeki Kürt yazar ve aydınların millî bilincini derinden etkilemiştir.

• İslamî bir arka plana sahip olan Hanî, millî duyguları İslam çerçevesinde yorumlayarak sunmuştur.

## پێشەکی

ناونیشان و بواری ئەم توێژینەوەیە:

ناونیشـانی ئـەو توێژینـەوە بریتییـە لـە (سـەرهەڵدانی هـزری نەتەوایەتـی لـە شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا، بـە نموونـەی شـیعرەکانی (ئەحمـەدی خانـی))، ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵێکـە بـۆ تاوتوێکـردن و دیاریکـردن و خسـتنەڕووی هـزری نەتەوایەتـی لـە شـیعری کـوردی بـە شـێوەیەکی گشـتی و هـزری نەتەوایەتـی لای شـاعێری کلاسـیکی کـورد (ئەحمـەدی خانـی) بـە تایبەتـی و دیاریکـراوی، بـە پشـتبەستن بـە تیۆرەکانـی نەتەوایەتـی

٢-ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:

باسـکردن و دیاریکـردن و بەرجەسـتەکردنی هـزری نەتەوایەتییـە لـە شـیعری کلاسـیکی کـوردی، بـە نموونـەی هـزری نەتەوایەتـی لای شـاعیری کلاسیکی کـورد (ئەحمـەدی خانـی)، کـە بـەم کارەش دەمانەوێـت پـەردە لەسـەر هـزری نەتەوایەتییەکانـی شـاعیر لابدەیـن و بیـر و بۆچوونەکانـی لێکۆڵـەر و نووسـەرانیش بـە شـێوەیەکی گشـتی لـەم بارەیـەوە بخەینـەڕوو

٣-هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە:

دەتوانیـن بڵێیـن زیاتـر لـە هۆکارێـک لـە پشـت هەڵبژاردنی ئـەم بابـەت، وەکـو نـاوەڕۆک و بابەتـی توێژینەوەکەمانەوەیە، کـە بەرچاوترینیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرنجراکێشـی و بایـەخ و گرنگـی ئـەم بابەتـە، بەتایبـەت هەبوونـی لـە ناوڕۆکـی شـیعرەکانی شـاعیرێکی کلاسـیکی وەک (خانـی) کـە مێـژووی ورووژاندنـی ئـەم بابەتـە لای ئـەو یـەک دوو سـەدە پێـش دەرکەوتنـی ناسـیۆنالیزم لـە ئەوروپـا دەکەوێـت.

٤-ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە:

ئـەم توێژینەوەیـە لـە چوارچێـوەی ڕێبـازی چۆنییەتـی و لەسـەر بنەمـای ڕاڤەکـردن و وەسـفی، بـۆ دیاریکردنـی هـزری نەتەوایەتـی لای شـاعێری کلاسـیکی کـوردی (خانـی)، ئەنجامـدراوە. نموونـەی وەرگیـراوی شـیعرەکانیش، نموونـەی نائەگەریـن و بـە شـێوەی مەبەسـتدارانە بەپێـی گرنگیـان بـۆ خزمەتـی باسـەکە، کـە بـە پێـی کۆنتێـن ئەنەلایـز (نـاوەڕۆک شـیکاری) کاریـان لەسـەر کـراوە

٥-کەرەسەی ئەم توێژینەوەیە:

کەرسـتەو نموونەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە (مـەم و زیـن)ی (خانـی) وەرگیـراوە، کـە بـە کوردیـی کرمانجـی پێشـکەش کـراوە و شـاعێر هەوڵیـداوە بـە زمانـی کـوردی کلاسـیکی ئـەو سـەردەم هەسـت و پەیامەکانـی خـۆی بەرجەسـتەبکات

٦- گرنگی ئەم توێژینەوەیە:

گرنگـی ئـەم توێژینـەوە خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە ڕاسـتەوخۆ جەخـت لەسـەر خسـتنەڕووی چەنـد لایەنێکـی هـزری نەتەوایەتـی، بەتایبەتـی لای (خانـی)ی شـاعێری کلاسـیکی کـورد، دەکات، هەروەهـا بەکورتـی و بەشـێوەیەکی گشـتی تاوتوێـی بیروبۆچوونەکانـی لێکۆڵـەر و نووسـەرەکانی کـورد لەسـەر بـوون و نەبوونـی هـزری نەتەوایەتـی لای (خانـی) دەکات

٧- پرسیاری ئەم توێژینەوەیە:

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدات:

-هزرە نەتەوایەتییەکانی (خانی) چین و چۆن بەرجەستەکراون؟

-ئایـا بیـر و بۆچوونـی لێکۆڵـەرو نووسـەرانی کـورد لـە بـارەی هـزری نەتەوایەتـی (خانـی) بەشـێوەیەکی گشـتی چییـە و هەموویـان لەسـەر یـەک بیـرورا کۆکـن، یـان جیـاوازن؟ چـۆن و بۆچـی؟

ئیتر توێژەر دەیەوێ لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییانە چەند ئەنجامێکی زانستی بەدەست بهێنێت.

٨- گرفتی ئەم توێژینەوەیە:

بێگومـان توێژینـەوەی ئێمـەش وەکـو هەمـوو توێژینەوەیەکـی تـر بەسـەر چەنـد گرفتێـک هەنـگاوی نـاوە، بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بڵێیـن بوونـی دەقـی جیـاوازی (مـەم و زیـن)ی خانـی و نەبوونـی وەرگێـڕان و لێکدانـەوەی بـە دیالێکتـی سـۆرانی بـە شـێوەیەکی تـەواو و

زۆر ورد و زانستی... هتد لە گرفتە بەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیەمان بوون

٩- ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە:

ئەم توێژینەوەیە لە کورتە و وشە سەرەکییەکان، پێشەکی، دوو بەش، ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە. بە گشتی بەشەکانیش بەم شێوەیە خراونەتەڕوو

-بەشی یەکەم: ناونیشانی ئەم بەشە بریتییە لە (شەپۆلی هزری نەتەوایەتی لە دەریای ئەدەبیاتدا)، کە تێیدا باس لە هزری نەتەوایەتی بە شێوەیی گشتی و لە لای کورد بەتایبەتی دەکات و پاشان دێتە سەر باسی هزری نەتەوایەتی، بە شێوەیەکی گشتی، لە ئەدەبی کوردیدا و لە چەند لایەنێکەوە دەیخاتەڕوو.

-بەشی دووەم: ئەم بەشەش بە ناونیشانی (هزری نەتەوایەتی لای (ئەحمەدی خانی) وەکو شاعێرێکی کلاسیکی کوردی) ناونراوە. لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر مێژووی ژیان و سەردەمی ئەحمەدی خانی و پاشان لە تەوەرەیەکی تردا هەڵوەستە لەسەر هزری نەتەوایەتی لای (خانی) کراوە و چەند خاڵێکی گرنگ و بەرچاوی هزرە نەتەوایەتییەکەی خانی، وەکو: یەک ڕەگەز و شوناسنامەکردنی هەموو کورد و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو کورد وەکو یەک ڕەگەز و جیاکردنەوەی لە ڕەگەزەکانی عەرەب و تورک و فارس، خۆزگە و ئاواتی سەرۆک و پاشایەکی کوردی خاوەن دەستەڵات و تەخت و تانج و بەستانەوەی کرانەوەی گرێ کۆرەکانی کورد بەم هێز و دەستەڵاتە کوردییەوە، وروژاندن و دروستکردنی هەست و ویستی ئازادی و سەربەخۆیی لە ناخی میللەتی کورد،... هیتر، بە نموونەی شیعری نمایشکراوە

بەم شێوەیەی کە خستمانەڕوو، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بەرجەستەکراوە و پاشانیش وەکو دەرئەنجامی ئەم بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیە چەند خاڵێک، وەکو ئەنجام، پێشکەش کراوە و لە کۆتاییشدا سەرچاوە پشتپێبەستراوەکانی توێژنەوەکە خراونەتەڕوو

**١.بەشی یەکەم: شەپۆلی هزری نەتەوایەتی لە دەریای ئەدەبیاتدا**

**١,١ هزری نەتەوایەتی**

ئەگەر بە شێوەیەکی خێرا ئاوڕێک لە مێژووی نەتەوەگەرایی لە جیهان بدەینەوە دەبینین زیاتر لە بیرو بۆچونێک لە لایەن نووسەر و لێکۆڵەرەوانی نەتەوەگەرایی لە سەرچاوەکان خراونەتەڕوو. د. جەعفەر عەلی پاش تاوتوێکردنی کۆمەڵێک بیرورا و بۆچوون دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێت: ((ناسیۆنالیزم و گوتاری ناسیۆنالیزم زادەی قۆناغی مۆدێرنەیە و دیاردەیەکە لە منداڵدانی ئەو قۆناغەدا لە دایکبووە و، بە حەقیقیش لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا پراکتیزە کراوە و، بگرە تێکڕای مێژووی سەدەی نۆزدەشی لە هەر گوتارێکی دیکە زیاتر کۆنترۆڵکردووە، هەر بۆیە ئەم سەدەیە (١٩ز) بە سەدەی ناسیۆنالیزم ناودێرکراوە.)) (عەلی، ٢٠١٣، ل. ٥٥)

نەتەوەگەرایی و نەتەوەو و هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاری نەتەوایەتی هەریەکەیان پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، لە سەرچاوەکانیشدا بە شێوەی جیاواز خراونەتەڕوو. هەرچۆنێک بێت لێرەدا هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی تیشکیان بخەینەسەر

-نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم): بە پێی پێناسەی د. جەعفەر عەلی ((ناسیۆنالیزم سیستەمێکی فیکرییە، یان بیروباوەرێکی سیاسی _ کۆمەڵایەتییە، ئەندامانی کۆمەڵگە بە خۆشەویستی نەتەوە، پاراستن و بەرەو پێشبردنی بنەما هاوبەشەکانی نەتەوە و ڕاگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی گۆشدەکات. (.....). واتە ئەندامانی نەتەوە لە چوارچێوەی یەکەیەکی ئیداری یان جوگرافیایەکی دیاریکراودا بەرەو یەکبوون و چوونیەککردنی سیاسی و کەلتوری دەبات و وایان لێدەکات هاوئامانج و هاوبەرژەوەند و هاوچارەنووس بن لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە.)) (عەلی، ٢٠١٣، ل. ٣١) کەواتە نەتەوەگەرایی وەکو ئایدۆلۆژیا خۆی بەرجەستە دەکات و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوە و بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیان، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆو سەروەری گەلە، دەسازێنێ

هزری نەتەوایەتیش لەو کاتەدا بەرجەستەدەبێت، کە کۆمەڵگا لەسەر بەرژەوەندییە سەرەکییەکانیان هۆشیاری پێویستیان هەبێ. هەروەها بەردەوام کار لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی و لێکچوونی نێوانیان و زیاتر زەقکردنەوەی جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵگە و نەتەوەکانی تر بکرێت. ئیتر ئەو بەرژەوەندیی و هۆشیارە گشتییە و ئەو لێکچوون و دوورکەوتنەوەیە دەبێتە بنەمای لێکنزیکبوونەوەی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی فراوانترو باڵاتر. لە دەرەنجامدا دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی و نەتەوەیشی لێدەکەوێتەوە و بۆ هەنگاوی گەورەتریی نەتەوایەتیش سەردەکێشێت. بۆیە ژەنینی تاڵی هەستی نەتەوایەتی و کارکردن لەسەر هۆشیارکردنەوەی عەقڵییەتی دەستەجەمعی کۆمەڵگا مەرام و ئامانجی سەرەکی هزری نەتەوایەتییە. (مستەفا، ٢٠١٥، ل. ١٢-١٥)

-نەتـەوە: بـەو کۆمەڵـە کەسـانە دەگوترێـت کـە کۆمەڵێـک فاکتـەر و پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی و کلتـوری و سیاسـی بەیەکیـان دەبەسـتێتەوە. فاکتـەرە بابەتییەکانـی وەکـو: (خـاک، کلتـور، مێـژوو، ئابـووری، کلتـور، زمـان، تەقـس و بۆنەکان،...هـیتر). هەروەهـا چەنـد فاکتـەری واتایـی، وەکـو: (هەسـت و هۆشـیاریی نەتەوایەتـی، ویسـت و ئیـرادەی هاوبـەش). لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت ئەوەمـان لـە پێـش چاوبێـت کـە هەرچەنـدە ئـەم فاکتەرانـە بنەمـای نەتـەوەن، بـەڵام ئەمـە ئـەو مانایـە ناگەیەنێـت کـە کۆنەبوونـەوەی هـەر هەمـوو فاکتـەرەکان، یـان بوونـی جیـاوازی لـە ڕادە و بڕیانـدا ببێتـە مایـەی سڕینـەوەی نەتـەوە (عەلـی، ٢٠١٣، ل. ٦٦).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە بناغە و بنەمای بنیاتی نەتەوە لەم ڕەگەزانەی خوارەوە کۆ دەبێتەوە:

ڕەگـەز، خـاک، مێـژوو، کولتـور، زمـان، هۆشـیاری (سـایکۆلۆجی و مۆڕالـی) نەتەوەیـی. ڕوحـی گشـت ڕەگەزەکانـی نەتـەوە بەهـۆی هۆشـیاری نەتەوەییـەوە دەبنـە مایەی بەرجەسـتەکردنی نەتـەوە (چنگیانـی، ٢٠١٧، ل. ١١).

-هەسـتی نەتەوایەتـی: هەسـت بـە ئینتما کردنـی تاکەکانـە بـۆ نەتەوەکـەی خـۆی. واتـە: تاکەکانـی ئـەم نەتەوەیـە هەسـت و سـۆزو خۆشەویسـتیان بـۆ ئـەم نەتەوەیـە هەبـێ (منـاف، ٢٠١٦، ل. ٢٩٠).

-هۆشـیاری نەتەوەیـی: بریتییـە لـە هەبوونـی هۆشـیاری هاوبەشـی تاکەکانـە لەسـەر ئەنجامدانـی ئـەرک و بەرپرسـیارێتیان بەرامبـەر بـە نەتـەوەو خەباتکـردن و گیـان فیداییـان لـەم پێناوەدا(منـاف، ٢٠١٦، ل. ٢٩٠).

نەتەوەگەرایـی لەسـەر بنەمـای مێـژووی دروسـتبوون و بەرجەسـتەبوونی نەتـەوەکان بەشـێوەیەکی گشـتی بـۆ سـێ ڕێبـاز و قوتابخانـەی تیـۆری سـەرەکی دابـەش دەبـن، کـە هەریەکەیـان بۆچـوون و بنەمـای تایبـەت بـە خۆیـان سـەبارەت بـە ناسـیۆنالیزم و دروسـتبوونی دەوڵـەت و نەتـەوەکان خسـتۆتەڕوو[2]

١-تیۆری پێشینەگەر:

ئەمـە وەکـو یەکێـک لـە قوتابخانـە تیۆرییەکانـی ناسـیۆنالیزم، کـە بـە پێشـینەگەرەکان نـاسراوە، پێداگـری لەسـەر سـەرەتای هەبوونـی نەتـەوە بـۆ مێژوویەکـی تووڵانـی، زۆر پێـش مۆدێرنێتـە دەکات و بـە بـڕوای ئـەو نەتـەوە خاوەنـی بوونێکـی ڕاسـتەقینەیە نـەوەک بوونێکـی دروسـتکراو یـان فانتـازی. بـە پێـی پێشـینەگەرەکان خوێـن و ڕەچەڵـەک، کەسـایەتی و کلتـور و زمـان خاڵـی سـەرەکی دیاریکـردن و جیاکردنـەوەی نەتەوەیـەک لـە نەتەوەیەکـی تـر دادەنێـن. لـەلای مۆنتیسـکۆ، ڕۆسـۆ و فیختـە... هـیتر زمان خاڵێکـی جەوهـەری دیارکردنـی نەتـەوەکان و جیـاکاری نێوانیانـە، هەروەهـا بـە پارێـزەری کەسـایەتی نەتەوەیـی دادەنێـن. پێشـینەگەرەکانیش لەناوخۆیـان بەپێـی ڕەچەلەکـی نەتـەوە دابەشـی سـێ گـروپ دەبـن:

(١) جـۆری یەکەمەیـان پێیـان وایـە کـە نەتـەوە بنەچەیەکـی سۆسـیۆبیۆلۆژی هەیـە، کـە دەکرێـت بـە درێژایـی سـنووری مرۆڤایەتـی درێژببێتـەوە.

(٢) نەتـەوە بنەچـە و ڕەچەڵەکێکـی کولتووریـی هەیـە و ئـەم جەوهـەرە کولتوورییـە بووەتـە چـەق و بناغـەی سـەرەکی بـۆ دروسـتبوونی نەتـەوەکان.

(٣) بە پێی بیروڕای سێیەمیش نەتەوە و کۆمەڵگە ئەتنییەکان یەکن و جیاوازیکردنی لە نێوان ئەم دووانە کارێکی هەڵەیە.

٢-تیۆری مۆدێرنیست:

مۆدێرنیسـتەکان جیـاواز لـە پێشـینەگەرەکان لـە نەتـەوە و دەوڵـەت و ناسـیۆنالیزم دەڕوانـن، ئـەوان پێیـان وایـە سـەرەتای دروسـتبوون و دەرکەوتنـی نەتـەوەکان مێژوویەکـی نوێیـان هەیـە و ئـەو مێژووەش بـۆ ڕۆژگاری مۆدێرنێتـە دەگەڕێننەوە و بە دەرهاویشـتەی ئـەوی دەزانن و نکۆڵـی لـە بوونـی هـەر نەتەوەیـەک لـە پێـش ئـەم سـەردەمە دەکـەن. نەتـەوە لـە لای ئـەوان بەرهەمـی ئایدیۆلۆژیـا ناسیۆنالیسـتەکانە، ئـەو ئایدۆلۆژیایـەی کۆمەڵگـەی مۆدێـرن و پیشەسـازییەکان بەرهەمییـان هێنـاوە. هەروەهـا زۆربـەی نووسـەران بـاس لـەوە دەکـەن کـە مۆدێرنیسـتەکان دەرکەوتنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی بـەو شـێوە و ناوەڕۆکـەی کـە ئەمـڕۆ هەیـە دەگەڕێننـەوە بـۆ کۆمەڵگـەی ئەورووپـی سـەدەی نۆزدەهـەم. لـە لای مۆدێرنیسـتەکان دەوڵـەت و نەتـەوە و وەکـو دوو ڕووی یـەک دراو بەیەکـەوە گرێـدراون و ناتواندرێـت لێکدابـبڕدرێـن، ئەگینـا هەریەکەیـان بەتەنیـا ناتـەواو و بـێ بـوون دەمێننـەوە. هـەر بۆیـە لـە لای مۆدێرنسـتەکان پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان دروسـتبوونی دەوڵـەت و نەتـەوەدا هەیـەو ناسـیۆنالیزمیش وەکـو دەرکەوتەیەکـی ئایدۆلـۆژی و سیاسـی سـەردەمی مۆدێرنێتـە

[2] بۆ خستنەڕووی ئەم سێ ڕێبازو قوتابخانە تیۆرییانەی ناسیۆنالیزم پشتمان بەم دوو سەرچاوەی خوارە بەستووە: (ئەرگون، ٢٠١٧، ل. 01-71) و (سمیس، 4002)

هەردووکیـان لـە چوارچێـوەی یـەک جەسـتەدا بەرجەسـتەدەکات. ئـەم تیـۆرەش لـە لایـەن چەنـد تیۆریسـتێکەوە ڕابـەری دەکرێـن، ناسراوترنیـان وەکـو: (گێڵنـەر، هۆبسـباوم و ئاندەرسـۆن)ن . (Huard-Champoux، ٢٠٠٨، ٣١-٤٢p. ).

ئـەوەی دواییـان « ئەندەرسـۆن»، کـە وەکـو یەکێـک لـە ڕابەرانـی قوتابخانـەی تیۆری مۆدێرنیسـت، کـە دروسـتبوونی نەتـەوە و نەتەوەخوازی بـە مۆدێرنێتـەوە گرێـدەدات و زیاتـر پـێ لەسـەر دەرهاویشـتەکانی کولتـوری مۆدێرنێتە دادەگرێـت، بەتایبەتـی لەدایکبوونـی (کاپیتالیزمـی چـاپ) کـە بـووە مایـەی هاتنـە ئـارای ڕۆژنامـە و ڕۆمـان و بەرجەسـتەبوونی زۆری کتێـب و بڵاوکـراوە، کـە هەمـوو ئەمانـەش، وەکـو ئامـرازی گرنگـی پەیوەنـدی کولتـوری، بنەمـا و زەمینەسـازی چەکـەرە و گەشـەکردنی ئـەو هەسـت و هۆشـیاری و فانتازیـای هاوبـەش و گشـتییەن کـە نەتـەوە، وەکـو گروپێکـی سیاسـی فانتازیکـراو، خوێنـی شـادەماری خـۆی لێوەردەگرێـت (قانـع، ٢٠٠٥، ل. ٤٣-٤٦).

٣-تیۆری ئیتنۆسمبۆلیست:

ئیتنۆسمبۆلیستەکان بۆچـوون و لێکدانـەوەی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە لەسـەر ناسیۆنالیزم و نەتـەوە و دەوڵـەت. بیروبۆچونەکانیشـیان زیاتر ناوەندگیرییەکـی وەرگرتـووە لـە نێـوان پێشـینەگەر و مۆدێرنیسـتەکان. بـە واتایەکـی تـر ئیتنۆسمبۆلیسـتەکان هاوشـێوەی مۆدێرنیسـتەکان مێـژووی نەتـەوە و نەتەوەخـوازی دەگەڕێننـەوە بـۆ سـەردەمی مۆدێرنێتـە و هاتنەپێشـەوەی پیشەسـازی و سـەرمایەداری، بـەڵام بـە پێچەوانـەی مۆدێرنیسـتەکان ئـەوان پێیـان وانییـە نەتـەوە تـەواو دابـڕاوە لـە ڕابـردوو و سـەردەمی پێـش مۆدێرنێتـە، بەڵکـو ڕەگ و ڕیشـەی نەتـەوەکان دەگەڕێننـەوە بـۆ مێژوویەکـی درێژتـر و هاوشـێوەی مۆدێرنیسـتەکان تـەواو دایناب‌ڕێنـن لـە ڕابـردوو و پێیـان وایـە نەتـەوە لەسـەر ئێتنیـک و سـیمبول و زمـان و کلتـوری پێـش مۆدێرنێتـە خـۆی بنیـات دەنێـت. ئـەم نوێـی و کۆنییـەی ئیتنۆسمبۆلیسـتەکان سـەبارەت بـە نەتـەوە پـێمان دەڵێـت نەتـەوە وەکـو بـوون مێژوویەکـی تـازەی هەیـە، بـەڵام لـە ڕووی نـەژاد و بنەچـەوە لـە مێژوویەکـی کـۆنتر سـەردەردەکات.

«ئەنتۆنـی سـیمس»، وەکـو یەکێـک ڕابـەر و گەشـەپێدەری قوتابخانـەی ئەتنـۆ سیمبۆلیسـت. هاتنـە ئـارای ئەتنۆسیمبۆلیسـتەکان بـە دەرئەنجامـی ناڕازیبـوون بـە ڕێبـاز و قوتابخانەکانـی تـر دادەنێـت و پێـی وایـە هیچیـان نەیانتوانیـوە بـۆ نـاوەوەی نەتەوەخوازیـی شـۆڕببنەوە. ئـەم تیۆریسـتەی ڕێبـازی ئیتنۆسمبۆلیسـت پێـی وایـە هـەر کۆمەڵـگای ئێتنیـک و کلتورییـە وردە وردە، بەهـۆی هاتنە پێشـەوەی گۆڕانکارییـە نوێیـەکان و دەرهاویشـتەکانی مۆدێرنێتـە و گەشەسـەندنی پیشەسـازی و سـەرمایەداری، دەگۆڕێـت بۆ کۆمەڵگەیەکـی نەتەوەیی سیاسـی، لەبەرئـەوە سـەبارەت بـە مێـژووی سـەرهەڵدانی نەتـەوەکان هەمـان ڕای مۆدێرنیسـتەکان پشتڕاسـت دەکاتـەوە و بـە پێچەوانـەی پێشـینەگەرەکان پێـی وا نییـە پێـش مۆدێرنێتـە نەتـەوەکان بونیـان هەبوبـێ، بـەڵام لـە هەمانکاتیشـدا جیـاواز لـە مۆدێرنیسـتەکان تەلـی پەیوەنـدی نەتـەوەکان بـە ڕابـردوو ناپچڕێنێـت و ڕێچکـە و بنەچـەی نەتـەوەکان دەباتـەوە بـۆ سـەردەمی پێـش مۆدێرنێتـە و هاوشـێوەی پێشـینەگەرەکان ڕابـردوو دەهێنێتـە پێشـەوە (Huard-Champoux، ٢٠٠٨، ١٨-٢٠p. ). لەبـەر ئـەوە لـە باسـی نەتـەوە و دەوڵـەت و نەتەوەخوازیـدا وەکو ئەتنۆسیمبۆلیسـتێک زیاتـر چـاوی سـەرنج و شـیکردنەوەکانی دەخاتـە سـەر هـۆکارە کلتووریەکانـی وەک سـیمبۆڵ و ئەفسـانە و حکایـەت و بەهـا و یـادگاری و... هتـد، لـەوەی خـۆی پابەنـد بـکات بـە فاکتـەرە سیاسـی و ئابوورییـە دەرەکییـە ڕووتـەکان، یـان خـۆی ببەسـتێتەوە بـە هـۆکارە سۆسـیۆبایۆلۆجییەکان٣

## ٢,١ کورد و هزری نەتەوایەتی

ئەگـەر ئاوڕێـک لـە مێـژووی ڕەچەڵەکـی کـورد بدەینـەوە، دەبینیـن مێـژووی ڕیشـە و بنەچـەی کـورد بـۆ مێژوویەکـی زۆر دێریـن دەگەڕێتـەوە، ئەگەرچـی سـەرچاوە مێژووییـەکان زیاتـر لـە بۆچوونێکـی جیاوازیـان لـەم بارەیـەوە هەیـە، هەریەکـە و بـە شـێوەیەک بـاس لـە بنەچـەی کـورد دەکات. تەنانـەت هەندێـک جـار مەبەسـت و مەرامـی سیاسـی تێدەکەوێـت و بـە ئاراسـتەیەکی مەبەسـتدارانە پەلکێـش دەکرێـت. هەرچۆنێـک بێـت ئەگـەر بـۆ خسـتنەڕووی ڕەچەڵەکـی کـورد بگەڕێینـەوە سـەر سـەرچاوە مێژوویەکـەی د.کەمـال مەزهـەر ئـەوە دەبینیـن مێـژووی بەرچـاوی کـورد بـۆ زیاتـر لـە حـەوت سـەدە پێـش زاینـی دیاریدەکرێـت و میدییـەکان بـە بنەچـە و سـەرچاوەی دیـار و باپیـرە گـەورەی نەتـەوەی کـورد دادەنرێـت. کەواتـە بـە پێـی ئـەم دەرئەنجامـە کوردەکان درێـژەی شارسـتانییەت و دەوڵەتـی میدییەکانـن، ئـەو دەوڵـەت و شارسـتانیەتیەی کـە نزیکـەی سـێ سـەدە پێـش شارسـتانی و دەوڵەتـی فارسـەکان بوونـی هەبـووە (مەزهـەر، ٢٠٠١، ل. ١١-١٩).

نـاوی (کوردسـتان)یش لـە لایـەن سـەلجووقییەکان لـە سـەرەتای سـەدەی دوازدەم بـۆ ناونانـی ناوچەکانـی نێـوان ئازەربایجـان و لوڕسـتان دانـرا و ئـیتر لـەو ڕۆژەوە لەسـەر نەخشـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناونیشـانی کوردسـتان دیاریکـراوە. هەروەهـا بـۆ یەکەمجـار ئـیمام عەلـی کـوڕی ئەبـوو تاڵیـب وشـەی کـوردی لـە نامەکـەی بـۆ زیـادی کـوڕی ئەبیهـی بەکارهێنـاوە و هـەر لـە سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی

3 بۆ زیاتر زانیاری بروانە ئەم سەرچاوەیە: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو.

ئایینـی ئیـسلام ئـەم وشـەیە باوبـووە. مێژوونووسـەکانی سـەردەمی دەوڵەتـی ئیسلامیـش، جـا چ میژوونووسـە عەرەبـەکان یـان تـورک و فارسـەکان باسـی کوردیـان وەکـو میللەتێـک یـان کۆمەڵێکـی ئیتنیکـی کـردووە. بـە شـێوەیەکی گشـتی پـاش شـەری چاڵدێـران، لـە ١٥١٤ دا لـە نێـوان سـوڵتان سـەلیمی یەکەمـی عوسمانـی و شـا ئیسماعیلـی سـەفەوی دا، کوردسـتان بـوو بـە دووبـەش، کـە بەشـێکی کەوتـە ژێـر دەسـتەڵاتی عوسمانـی و بەشـەکەی تریشـی لـە ژێـر دەسـتەڵاتی سـەفەوی. لـەو ڕۆژە بـەولاوە میرنشـینەکانی کـورد لـە نـاو ئـەم دوو دەوڵەتـە پەیدابـوون، میرنشـینەکانیش وەکـو: شـەمدینان، بۆتـان، بایەزیـد، هـەکاری، بادینـان، سـۆران، ئـەردەلان، بابـان.... هـیتر. ئـیتر کـورد بـووە چەنـد میرنشـینێکی سـەربەخۆی بـەش بـەش و بەمـەش خاکـی کـورد بـە سـنووری سیاسـی لـە یەکداپچـڕاو دابەشـکرا.

**٣،١ ئەدەبی کوردی و هزری نەتەوایەتی**

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەدەب وەکـو ئاوێنـەی کۆمەڵـگا خـۆی بەرجەسـتەکردووە، کـە دەتوانیـن بڵێیـن هەمـوو یـان زۆربـەری لایەنەکانـی کۆمەڵگاکـەی تێـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، بەشـێوەیەک کـە بووەتـە تابلۆیـەک بـۆ کێشـانی خـەون و ئـاوات و نەهامەتـی و ناسـۆری و ئـازار و خۆشـی و بۆنـەو... هـیتری کۆمەڵگاکـەی. هـەر بۆیـە (ئـەدەب بەشـێوەیەکی گشـتی هـەر لـە سـەردەمی لەدایکبـوون و سـەرهەڵدانییەوە وەک دەزگایەکـی کۆمەڵایەتـی سـەیری کـراوە یـان بەدەزگایەکـی کۆمەڵایەتـی چوێنـدراوە) (عومـەر، ٢٠٠٥، ل. ١١٨). ئەدەبـی کوردیـش وەکـو ئەدەبـی هـەر نەتەوەیەکـی تـر باوەشـی بـۆ کۆمەڵگاکـەی واڵاکـردووە و خـۆی بـە خەمخـۆر و دەمڕاسـتی کۆمەڵگاکـەی زانییـوە. لـە نـاو هەمـوو ژانرەکانـی ئەدەبیاتیشـدا شـیعر ڕۆڵێکـی سـەرەکی و بەرچاوتـری گێـڕاوە و زۆر بـە ڕوونـی شـوێنپەنجەی بەسـەر ژیانـی کـوردەوە دیـارە، چونکـە (شـیعر تاقـە هونەرێکـە کـە کاریگەرییەکـی دیـاری بەسـەر کەسـایەتی کوردییـەوە هەیە، ک ەلـە بەرایی مێـژووەوە تەعبیرێکـی ڕاسـتەقینە بـوو لـە ڕەوتـی کۆمەڵایەتـی و گۆڕانکارییەکانـی کۆمەڵـگای کـوردەواری) (سـەلام، ٢٠٠١، ل. ١٢٥). هەروەهـا هەروەکـو عەتـا قەرەداغـی دەڵێـت: (دیـارە جیـگای خۆیەتـی ئاماژەش بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە تاکـە ڕۆگـەزی باڵادەسـت لـە پانتایـی نـەک تەنیـا ئەدەبـی کوردیـدا بەلکـو لـە پانتایـی ڕۆشـنبیری کوریـدا لـە سـەرهەڵدانی نووسـین بـە کوردییـەوە تاکـو ئێسـتاش هـەر شـیعرە.) (قەرەداغـی، گـەڕان بـە دوای بوونـدا، ٢٠٠٢، ل. ٢٤٢)

ئاسایی وەک ڕاسـتییەکی مێژوویـی دەبینیـن ئەدەبـی کـوردی نـەوەک هـەر لـە مەیدانـی سیاسـەت بەڵکـو لـە زۆربـەی لایەنەکانـی تـری ژیانـی کـورد وەکـو لایەنـی کۆمەلایەتـی، ئاینـی، پەروەردەیـی، ڕۆشـەنبیری، کلتـوری، سـۆز و خۆشەویسـتی،...و هیتریـش ئامادەبوونـی هەیـە. یـان بڵێیـن زمانحاڵـی لایەنەکانـی ژیانـی کـوردی لـە ئەسـتۆگرتووە و بووەتـە بڵندگۆیـان و هەوڵـی داوە بـە نووکـی وشـەی ناسـک و بـە ڕەنگـە دڵفرێنەکانـی هەسـت و سـۆز و بیـر و خەیـاڵ تابلۆیەکـی ڕاسـتەقینەی وایـان بـۆ بکێشـێت کـە ببێـت بـە بەشـێک لـە بـوون و ناسـنامەیان. ئـەو ئەسـپ تاودانـە لـە زۆربـەی مەیدانەکانـی ژیانـدا شـەقڵێکی تایبەتـی ئەدەبـی کوردییـە، تەنانـەت هەنـدێ جـار بـووە سـەرقافلە و منداڵدانیـان. هـەر بۆیـە (عەتـا قەرەداغی) لـە لێکۆڵینەوەکـەی خـۆی کـە لەسـەر گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی ئەنجامیـداوە، سـەرەتای سـەرهەڵدانی گوتـاری کـوردی بـە شـێوەیەکی گشـتی بـۆ سـنوری شـیعر و ئەدەبیـات دەگەڕێنێتـەوە (قەرەداغـی، گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی، ٢٠٠٧، ل. ٢٤). لـە ڕاسـتیدا شـیعر و ئەدەبیـات ئەوەنـدە تێکەڵـی ژیـان بـووە کـە ((هەنـدێ جـار زۆر زەحمـەت بـووە یـان زەحمەتـە جیـاوازی بکەیـن لـە نێـوان شـیعر و مەراسـیمی ئاینیـی یـان کۆمەڵایەتـی، یـان شـیعر و ئەفسـانە، شـیعر و کار، شـیعر و یـاری)) (عومـەر، ٢٠٠٥، ل. ١١٨)

ئەگـەر بـۆ نموونـەی ئـەم ڕاسـتییە سـەیری لایەنـی گوتـاری بیروبـاوەر و ئاینـی کۆنـی کـورد بکەیـن دەبینیـن دەقـە ئاینییـەکان وەکـو کونتریـن مێـژووی نووسـینی کـوردی بـە زمانـی شـیعر بـووە (عومـەر، ٢٠٠٥، ل. ١١٨). تەنانـەت گاتاکانـی ئاڤێسـتای کتابـی پیـرۆزی ئایینـی زەردەشـتی، ئـەو ئایینـەی کـە ئایینـی هـۆز و تیـرە و کۆمەڵەکانـی ئێرانـی بـوو، کوردیـش وەکـو یەکێـک لـەو کۆمەڵانـە پەیـرەوی لێدەکـرد کـە لـە سـەدەی حەوتەمـی پێـش مەسـیح لـە وڵاتـی میدیـا پەیدابـوو، گوتارەکانـی بـە شـیعر پێشـکەش کـراوە. هەروەهـا ئاینـی یارسـان یـان ئەهلـی هـەق، کـە ئەمـەش وەکـو یەکێـک لـە ئایینـە ڕەسـەنە کۆنەکانـی کـورد کـە شـێوەزاری (گـۆران)ی کـوردی زمانـی فەرمـی دەقـی پیـرۆزی ئـەم ئایینـە بـوو، گوتارەکانـی بـە کۆنتریـن و بەرزتریـن بەرهەمـی ئەدەبـی کـوردی لەقەلـەم دەدەرێـن (خەزنـەدار، ٢٠١٠، ل. ٥٨-٦٩).

هەروەهـا دەبینیـن لـە لایەنـی پـەروەردە و فێرکاریشـەوە ئەدەبـی کـوردی بـە هاویشـتنی هەنـگاوی یەکـەم بەشـداری خـۆی تۆمـاردەکات و ئەحمـەدی خانـی وەکـو سـەرقافڵەی ئـەم شـەرەفە بـە پێشکەشـکردنی فەرهەنگێکـی شـیعری فێـرکاری کـوردی و عەرەبـی بـە منداڵانـی کـورد بـۆ هاوکاریکردنیـان لـە فێربوونـی زمانـی عەرەبـی بـە نـاوی (نوبهـارا بچـوکان) کـە لـە سـاڵی (١٦٨٢) تـەواوی کـردووە، دێتـە پێشـەوە (خەزنـەدار، ٢٠١٠، ل. ٤٤٨-٤٤٩).

ئەوجارەیـان ئەگـەر چاوێـک بـە مەیدانـی سیاسـەت و نەتەوایەتـی کـورد بخشـێنین، بەهەمـان شـێوە دەبینیـن ئەدەبـی کـوردی لـە

بەشداری گوتاری سیاسی و چەغماغەدانی هزری نەتەوایەتیشدا هێڵی پێشەوەی سەنگەری گرتووە. بەشێوەیەکی وا کە (بەشێکی زۆر لە شاعیرانی کورد، لە هەموو کات و ساتەکاندا لەگەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا ژیاون.) (صالح، ٢٠١٠، ل. ٧٧). لە ڕاستیدا گوتاری نەتەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی درێژی خۆی هەیە کە دەتوانین بڵێین سێ چوار سەدە پێش ئێستا سەرەداوی ئەم جۆرە گوتارە بەپێی چەمکی نەتەوایەتی ئەم سەردەمە لە بەرهەمی مەم و زینی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ -١٧٠٧) بەدەردەکەوێت.

ئەحمەدی خانی وەک باوک و پێشەنگی بیر و هزری ناسیۆنالیزمی کوردی لە بەرهەمە شیعرییەکەی (مەم و زین)دا، کە وەکو سمبوڵ و کتێبی پیرۆزی ناسیۆنالیزمی کوردی ڕۆڵی خۆی بەرجەستەکردووە، لە چەند لایەنێکەوە فووی لە خەوشی سەر پرسی کورد کردووە و ویستوویەتی بەم کارەی تاڵی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتیی کوردانی ئەو سەردەم بزرینگێنێت(بروینسێن، ٢٠١٢، ل. ١٩-٤٥). هەستدارانە کێشەی نەتەوەی کورد دەخاتەڕوو هەموو ئازارو نەهامەتییەکان بۆ نەبوونی کیانێك دەگەڕێنێتەوە و جگە لەوە دێتە سەر پیاهەڵدان بە شان و باڵی تاکی کوردی و پێشەواکانی، دوایی ڕاستەوخۆ پەنجە دەخاتە سەر گرێ کوێرەی بێ کیانیی و سەرگەردانی کوردان و پێیان دەڵێت ئەگەر ئێمە یەکگرتن و ڕێککەوتنمان هەبایە ئێستا دەبووینە خاوەنی قەوارە و کیانی خۆمان و لە جیاتی ئێمە خزمەتی نەتەوەکانی تر بکەین ئەوان دەبوونە خزمەتکاری ئێمە. بەراستی دەتوانین بڵێین ئەو دەردەی خانی لەو سەردەم دەستنیشانی کردووە تا ئێستا وەکو نەخۆشییەکی درێژخایەن بووەتە کابووسێکی گەورەی نەهامەتییەکانی خەونی قەوارە و کیانی کوردی (مستەفا، ٢٠١٥، ل. ٤٧-٦٠). هەروەها دوای ئەو شاعیری تر هاو ڕێچکەی ئەو دێنە پێشەوە و بە گیانێکی پڕتر لە بارگە و وزەی هزری نەتەوایەتی شیعرەکانی خۆیان دەهۆننەوە، بۆ نموونە شاعیرێکی وەک (حاجی قادری کۆیی)، کە دوای دوو سەدە دێتە پێشەوە و بە شیعرەکانی خۆی خزمەت بە هزری نەتەوایەتی کوردی دەکات و لەسەر هەمان ڕێچکەی خانی بەردەوام دەبێت.

پاشان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست، بەتایبەت لەگەڵ ڕوودانی گۆرانکارییە بەرچاوەکان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و...هتد. یەکانی جیهان و هاتنە پێشەوەی یەکەم جەنگی گەورەی جیهانی و بەرجەستەبوونی مەسەلەی نەتەوایەتی بە چەمک و دیدی تازە و مۆدێرنانە لە جیهان بە گشتی و لە نێو میللەتانی ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆری عوسمانی بە تایبەتی. یان بڵێین، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بەهۆی کرانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ڕووی ڕۆژئاواوە بەتایبەت پاش سەردەمی ڕیفۆرمی تەنزیمات و هاتنە پێشەوەی چەند هەلێکی نوێی وەک: وەرگرتنی زانست و ڕۆشنبیری لە خوێندنگا نوێیەکانی عوسمانی و خوێندگاکانی ڕۆژئاواو و هەروەها تێکەڵبوون و مانەوە لە هەوای ڕۆژئاوادا، کاریگەری شەپۆلی نوسراو ئەدەبیاتی خۆرئاوا لە ناو ئەدەبی عوسمانی ڕەنگی دایەوە و پاشان ئەم دیاردەی ئەو کاریگەرییە لە سەر نەوەیەکی ناسیۆنالیستی تورکیش دەرکەوت و لە ئەنجامدا نەمامی هەستی ناسیۆنالیزمی تورکی لە ناو ئەدەبیات و شیعرە چەکەرەی کرد و هەندەی نەبرد قەد و گەڵای بە ڕووبەرێکی فراوانتر بڵاوبوویەوە. هەرچۆنێک بێت بەرهەمە ئەدەبییە تازە وەرگێڕاو و نووسراوەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ناوەندی ڕۆشنبیر و لاواندا بەرجەستەکرد (ئەلعەزاوی، ٢٠١٥، ل. ٤١-٤٧).

کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی لە گۆرانکارییە تازەکان دوورەپەرێز نەبوو بەهۆی ئەو زەمینە نوێیەی هاتبووە پێشەوە ئەدیب و ڕۆشەنبیرەکانی چاو و هۆشیان کرایەوە و خەباتی ڕۆشنبیری و سیاسی خۆیان دەست پێکرد. هەروەک (عەبدوڵڵا ئاگرین) دەڵێت: ((شەپۆلی تەوژمی فیکری و تەزووی ئەدەبی کە خۆی لە شنەبای نوێی سەردەمی ئازادی دا ئەنواند.. ئەو شنەبایە لە ئەوروپاوە هەڵیکردو لە ڕێگای ڕۆشنبیرانی تورکەوە یاخود تێکەل بوونی ئەو پیاوە سەربازیە سیاسی و ئەدیبانەی کورد کە بەکاری سەربازی و فەرمانبەری لە کوردستان دوورکەوتبوونەوە کاری کردە سەر هۆشیارکردنەوەی گەلی کوردستان.)) (ئاگرین، ١٩٩٤، ل. ٢٤) زۆرێک لە ئەدیب و ڕۆشەنبیر و سیاسەتمەدارەکانی کورد، ئەوانەی بە هەوای ناسیۆنالیزم کاس ببوون و خولیای ئازادی باڵی پێگرتبوون، بە وشە ئاگرینەکانیان لە دوو توێی شعری ڕاچلەکێن و ناخ هەژێن گوتاری ناسیۆنالیزمییەکانی خۆیان دەهۆنییەوە و لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەوکات، یان بە خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی ناو خەڵک پەیامە نەتەوایەتییەکانیان دەکردە قەڵغانی پارستنی مافی چارەنووس و زەنگی هۆشیاری نەتەوایەتی و بزوێنەری هەست و هۆشی کوردبوون و جیاوازی لە نەتەوەکانی تری ناو چوارچێوەی مەملەکەتی عوسمانی، تا لە دواجار ویست و ئیرادەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو بەرهەم بێت و بە ئومێدی ئەوەی ببێتە بناغەی کیانێکی سەربەخۆ

ئەدەب و بڵاوکراوەکان ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان گێراوە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی و دروستکردنی زمانی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی. لەبەر ڕۆڵی بەرچاوی ئەدەبە کە تیۆرستێکی مۆدێرنی وەکو ئەندەرسۆن لە باسی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوایەتی ناتوانێت فەرامۆشی کاریگەری و گرنگی ئەدەب، بەتایبەت ڕۆمانی ژانری سەرمایەداری، لەسەر زمان و ناسنامە و هۆشیاری نەتەوایەتی، لە پاڵ ڕۆڵی دەزگاکانی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، بکات و بەهەندی وەرنەگرێت (قانع،

٢٠٠٥، ل. ٤٣-٤٦). هەرچەندە ((ڕۆماننوسی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مێژوویەکی زۆر درێژی نییە، بەڵام بە پەرەسەندەنی هەراوی ئەو دواییانەشەوە ڕۆماننوسی کوردی جارێ لە بواری یەکەمدا زۆر ڕێگای نەبڕیوە. لە ڕەوتی بینادنانی بیری ناسۆنالیستی کوریدا زیاتر شێعری کوردی ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە. بۆ وێنە شێعرەکانی شاعرێکی وەکوو هێمن بوونە هۆی گەشەی ڕۆحی نەتەوایەتی کوردی.)) (شەمس، ٢٠١٢)، یان بەرهەمی شیعر و چیرۆک و ژانرە ئەدەبییەکانی پیرەمێردی شاعێر و ڕۆشەنبیری کورد کە وەکو کانگایەک بوون بۆ هەوڵی بەرهەمهێنانی فانتازیایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و بەرجەستەکردنی شانازینامەیەکی تایبەت بە ڕابردوو و سەروەریی و پاڵەوانێتییەکانی و بەرجەستەکردنی کۆمەلێک سیمبۆڵ و توقوس و بۆنە و ئەفسانەی نەتەوایەتی و هەروەها زیندوهێشتنەوەی هیواو ئاواتی سەرکەوتن، بەتایبەت بە گرنگیدانی بەو چیرۆک و شیعرو ئەفسانانەی کە تابلۆی سەروەریی و جوانمێری و فانتازیای نەتەوەیی دەنەخشێنێت. هەروەکو: دوانزە سوارەی مەریوان، کاوەی ئاسنگەر و نەورۆز... هیتر(قانع، ٢٠٠٥، ل. ٧٠-٧٢).

ئیتر تا بە درێژایی سەدەی بیست هەڵدەکشێین و لە ئەمرۆ نزیک دەبینەوە، دەبینین ئەدەبی کوردی شان بەشانی خەبات و شۆرشی بزوتنەوەی ڕزگاری و ئازادیخوازی کوردی و جەماوەری تێکۆشەری کورد کۆڵنەدەرانە بەشداری لە گوتاری سیاسی و نەتەوەیەتی کوردیدا دەکات و بێوچان بەپێی بارودۆخی سیاسی و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی قۆناغەکانی سەردەم لەم مەیدانەدا خەباتی بەردەوامە

**٢. بەشی دووەم: هزری نەتەوایەتی لای (ئەحمەدی خانی) وەکو شاعیرێکی کلاسیکی کوردی**

لەم بەشەدا دەمانەوێت باس هزری نەتەوایەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بکەین، بە نموونەی بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی. ئاسایی لێرەدا لەگەڵ وروژاندنی ئەم بابەتە چەند پرسیارێکی جەوهەری دێنە پێشەوە، یەکەم پرسیار لە بارەی کات و سەردەمی شاعێری ناسراوی کلاسیکی کوردی ئەحمەدی خانییە، واتە ئەحمەدی خانی وەکو شاعێرێکی سەدەی حەڤدەم دەکرێت خاوەنی هزری نەتەوایەتی کوردی بێت و بە کەسێکی ناسیۆنالیزمی کوردی مەزەندە بکرێت؟ یان وەک دەڵێن باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی؟ پاشان شیعر و بەرهەمەکانی خانی چ شوێنێکیان لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بەرجەستەکردووە؟ چۆن بەشدارییان لە هزری نەتەوایەتی و وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کورد بینیوە؟ بەراستی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر لەم بابەتەدا جێگای گفتوگۆ قسەلەسەر کردنن. هەرچۆنێک بێت هەوڵدەدەین لەچەند تەوەرەیکدا ئەم باسە تاوتوێ بکەین.

١,٢ مێژووی ژیان و سەردەمی ئەحمەدی خانی

بۆ ئەوەی باشتر تیشک بخەینە سەر هزری نەتەوایەتی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی پێویستە ئەگەر بە ئاوڕدانەوەیەکی خێراش بێت لاپەڕەی مێژووی ژیان و سەردەمی ئەحمەدی خانی هەڵبدەینەوە، چونکە ئەگەر لە دەرەوەی کات و شوێن و سەردەم لە ناوەڕۆکی نەتەوایەتی بەرهەمی شاعیرێک بکۆڵینەوە، ئەوە ئەو کاتە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی کۆمەڵگا و سەردەم بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبییە ناهێلینەوە و بەمەش ناتوانین بگەینە دال و مەدلولەکانی ناوەڕۆکەکەی و ئەوەی پێشی دەگەین ئەگەر هەڵێنجراوی ناو کۆمەڵگا و سەردەمەکەی نەبێت ئەوە ئەو نرخ و ئەرک و بایەخەی نابێت کە ئەدەب لەخۆی گرتووە.

سەرەتا با بزانین خانی کێییە، خانی ناوی تەواوی (ئەحمەد ئەلیاس ڕۆستەم)ە لە ساڵی (١٦٥٠) لە شاری بایەزید لە دایک بووە. نازناوی خانی بۆ شیعرەکانی لە هۆزی (خانیان) وەرگرتووە. بەشێکی هۆزی خانیان لە دەوروبەری ناوچەی بۆتان بوون، بەڵام بنەماڵەی خانی بۆ شاری بایەزید باریان کردووە. خانەوادەی خانی لە ڕووی داراییەوە باری ژیانیان باش بووە. خانی لە حوجرەی مزگەوتەکان خوێندنی ئاینی دەخوێنێت و بۆ مەبەستی خوێندن زۆر شار دەکات وەکو: (ئورفە، ئەخلات، بدلیس، بایەزید، جزیرە)، ئیجازەی دوازدە عیلمی مەلایەتی لە شاری جزیرە وەردەگرێت. پاشان لە شاری بایەزید دەبێت بە مامۆستای یەکێک لە مزگەوتەکان. هەستی کوردایەتی وا لە شاعیر دەکات کە بە پێچەوانەی مەلایانی ئەو ڕۆژگارە لەسەر دەرگای ئەو مزگەوتەی وانەی تێدا دەوتەوە ناوی مزگەوتەکە لە پاڵ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی بە زمانی کوردیش بنووسێ. هەروەها بەکوردی وانەی لە حوجرەدا بە منداڵانی کورد وتۆتەوە و بۆ ئەم مەبەستە فەرهەنگێکی بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ داناون بە ناوی (فەرهەنگی نووبهار). خانی بەم شێوەیە هەموو ژیانی بۆ خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی تەرخانکردووە. لە ساڵی (١٧٠٧) لە شاری بایەزید کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە. لەبارەی خانییەوە (مامۆستا هەژار) لە وەرگێرانی (شەرەفنامە)دا دەڵێت: ((... لە چەرخی یازدەهەخی کۆچیدا دوو کەسمان لێ هەڵکەوتوون کە بەزەییان بە گەلە لێقەوماوەکەی خۆیاندا هاتۆتەوە و نان و لان و باوەشی گەرمی کوردانیان لە بیر خۆ نەبردۆتەوە، بە نووسین و هاوار و دادێک، کوردیان یاد کردۆتەوە. ئەو دوو کەسەش شەرەفخان و ئەحمەدی خانی بوون.)) (بدلیسی، ٢٠٠٦، ل. ٢٧). بەرهەمەکانی خانی بەگشتی بریتی بوون لە: (نووبهاری بچووکان، عەقیدا ئیمانێ، مەم و زین، غەزەل و قەسیدە). خانی لە ڕێگەی چیرۆکە

شیعرییەکەی (مەم و زین) بۆ یەکەمجار مەسەلەی کوردایەتی هێناوەتە ناو شیعرەوە و لەم ڕووەوە بە ڕێچکە شکێن دادەنرێت، کە بۆ ئەم مەبەستە بەشی پێنجەمی تەرخانکردووە. ئەو دێرە شیعرانەش کە بە گشتی لە کوردایەتی و سامانی نەتەوایەتی دەدوێن بریتین لە (٩٨) دێرە شیعر (خەزنەدار، ٢٠١٠، ل. ٣٦٧-٤١٤).

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە ئاورێک لە باری کۆمەڵایەتی سیاسی ئەو کات و سەردەمە بدەینەوە کە خانی تێدا ژیاوە، بۆ ئەوەی کار و کاردانەوەی نێوان شاعیر و شیعر و کۆمەڵگاکەیمان بۆ دەربکەوێت. واتە: بزانین پاڵنەری خانی بۆ نووسینی شیعری نەتەوەیی چییە و بۆ داوای قەوارە و ئەمیرێک بۆ کورد دەکات؟ ئایە خانی تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆی پەنای بۆ باسی نەتەوەی کورد بردووە، یان بە پێچەوانەوە شیعری کردۆتە ئامرازێک بۆ خزمەتی پەیامی نەتەوایەتی خۆی؟

ئەگەر سەیری مێژووی سەردەمی خانی بکەین دەبینین کەوا کورد دابەشی سەر دوو ئیمپراتۆری گەورە ببوو. کەمێکی لە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە ئیران و هەروەها ئەوانی تریشی هەموو لە ژێر هەژموونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون. کورد لە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە میرنشین و دەستەڵاتی جیا جیا و سەربەخۆیان دروستکردبوو. بەردەوام هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانییش لە شەڕ و ململانێ و یەکتر قرکردن دابوون. هۆکاری شەڕەکەشیان بەناوی جیاوازیی ئاینی دەکرد بەوەی کە ئیمپراتۆریەتی سەفەویی شیعە و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش سونین. بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی شەڕ و ناکۆکیان بۆ تەماعکاری و پاوانکاری و زیادکردنی دەسەتەڵات و هەژموونیان دەگەڕێتەوە. بەم هۆیەوەش نەتەوەی ژێر دەستەڵاتیان زەرەمەند دەبوون، لەم نێوانەشدا کورد پشکی شێری ئەم زەرەر وماڵوێرانییەی بەبەردەکەوت، چونکە ناوچەی ستراتیجی و فراوانیان لەم دوو ئیمپراتۆرییەتە هەبوو، هەروەها کورد ئازا و بەزەبر بوون لە کاتی شەر و پێکدادانـدا. لە ئەنجامی ئەم دابەشبوونەی کورد بەسەر ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا و بەکارهێنانیان بۆ پارستنی بەرژەوەندی و مەرامەکانی خۆیان، عەشیرەت و قەبیلە و میرنشینە کوردەکانیان بۆ خۆیان ڕاکێش دەکرد، ئەوانیش بۆ سەلماندنی دڵسۆزی و لایەنگری خۆیان لەم دەستەڵاتانە بە هەموو شێوەیەک ئامادەباشی خۆیان دەردەبری و لە ژێر فەرمانی ئەوان شەڕ و کوشتاریان دەکرد و تەنانەت ڕووبەرووی هۆز و میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی بەرامبەریان دەبوونەوە و شەڕی براکوژیی خوێناوی لە نێوانیاندا پەیدا دەبوو. بۆیە بەردەوام شەڕ و ناکۆکی لە نێوان میرنشین و دەستەڵاتە کوردییەکان لەگەل یەکدا و هەروەها لە ناوخۆشیاندا هەبوو. ئیتر بارودۆخی سیاسی کورد هەم لە پێش خانی و هەم لە سەردەمی ئەو و هەمیش دوایی ئەو بەم شێوەیە بوو

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین گرنگترین ڕووداو پێش خانی، دروستکردنی میرنیشینە کوردییەکانە، کە دوای شەری چاڵدێران لە (١٥١٤) کە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی ڕوویدا و بە سەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات. دروستبوونی ئەم میرنشینە کوردییانەش لە ڕێی هاوکاری زانای ئاینی (ئیدریسی بتلیسی) بوو کە لەسەر داواکاری سولتان سەلیمی عوسمانی؛ بتلیسی هەستا بە چوونی بۆ ناوچە جیا جیاکانی نیشتمان و بە پێی بارودۆخی ئەم سەردەمە میرنشینی کوردی نیمچە سەربەخۆی دروستکرد. هەروەها بەردەوام لە نێوان ئەم میرنشینانەدا شەرو ئاژاوە لە ئارادابوو. ئیتر لە سەردەمی خانییش ئەم میرنشینە کوردییانە هەر بەردەوامبوون و شەڕ و ململانێی نێوانیشیان هەر لە بەردەوامی دابوو

ڕووداوێکی گرنگی تریش کە لە سەردەمی پێش خانی ڕوویدا ئەویش ڕووداوی (قەلای دمدم) بوو. ڕووداوی قەلای دمدمیش ئەو ڕووداوە بوو کە لە ساڵی (١٦٠٨)م ڕوویدا. کە ئەم بەروارەش دەکەوێتە چل ساڵەک پێش لە دایکبوونی خانی. شاعەباسی سەفەوی کاتێک هێرشی کردە سەر قەڵای دمدم، ئەو قەڵایەی کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، بۆ ئەوەی دەستی بەسەردابگرێت. بەڵام ئەم قەڵایە لە لایەن ئەمیری کورد (خانی لەپ زێرین) و شەرکەرە کوردەکان پارێزگاری لێکرا و تا کۆتاییان ڕووبەرووی لەشکری سەفەوی بوونەوە و خۆیان بەدەستەوە نەدا. ئەم ڕووداوە یەکێکە لە ڕووداوە تراجیدییەکانی مێژووی کورد کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و هۆشی خانی بەرجەستەکرد

یەکێکی تر لەو ڕووداوانەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزاوتنی هزری نەتەوایەتیی خانی دروستکرد هێرشکردنە سەر شاری بتلیس بوو لە ساڵی (١٦٥٥)دا کە لەم بەروارەدا خانی لە ساڵی چوارەمی تەمەنیدا بوو. شاری بتلیس لەو کاتدا کە لە لایەن ئەمیری کورد (عبدال خان) بەڕێوە دەبردرا و وەکو ئیمارەتێکی تا بڵێی پێشکەوتووی ئەو سەردەم، خاوەنی سوپا و سیاسەت و ئابوری و ڕۆشەنبیری خۆی بوو هاوشێوەی کیانێکی سەربەخۆ، کە هەموو ئەمانەش ترسی لە دڵی نەیارەکانی دروست کرد و لە لایەن وەزیری عوسمانی پێشوو، والی (وان) کە ناوی (مەلیک ئەحمەد پاشا) بوو حەفتا هەزار شەڕکەری کۆکردەوە، کە زۆربەی زۆری شەرکەرەکان کورد بوون و لە هێزی (هەکاری) و هێزی (بایەزید) و هێزی ناوچە کوردییەکان بوون، لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز هێرشیان کردە سەر شاری بتلیس و بە سەدان کەسیان لێ کوشتن و بە هەزارانیشیان لێ بەدیل گرتن. هەرچۆنێک بێت (عەبدال خان) بە ناچاری لە شار هەڵات و خۆی گەیاندە یەکێک لە عەشیرەتە کوردییەکان و خۆی ڕزگارکرد، بەڵام ماڵ و سامانی لە لایەن

هێرشـکەرەکانەوە تاڵانکـرا. ئـەم ڕووداوەش بـە ڕوونـی لـەم چەنـد دێـرە شـیعرانەی خانـی بەرجەسـتەکراوە (فنـدی، ٢٠٠٨، ل. ٢٩-٣٨):

هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن

ئەو چەند ژ میننەتێ نەفوورن

ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووێ هیممەت

بو مانعێ حەملێ بـارێ میننەت

لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن

دائیم ب تەمەڕود و شیقاقن

گەر دێ هەبووا مە ئیتیحادەک

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٤-٤٥)

بـەم شـێوەیە دەبینیـن خانـی کـوڕی سـەردەم و ژینگەکـەی خۆیەتـی و لەنـاو شـعرەکانیدا بـە ئاشـکرا کاریگەریـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ڕۆشـەنبیری سـەردەمەکەی ڕەنگـی داوەتـەوە، کـە هـەر لـەو پـەروەردە و خوێنـدن و بـاوەڕەو ڕۆشـەنبیرییە ئاینییـەوە بگـرە کـە زەمینـە و داڕێـژەری هەسـت و هـۆش و وێناکردنەکانـی خانـی بـوون تـا ئـەو ڕووداو و کارەسـات و پێشـهاتە سیاسـی و کۆمەڵایەتییانـەی کـە چارەنووسـی سـەردەم و کۆمەڵـگای خانییـان بنیـات نابـوو

## ٢،٢ هزری نەتەوایەتی و ئەحمەدی خانی

ئەحمـەدی خانـی لەبـەر ئـەوەی کـە دەتوانیـن بڵێیـن تـا ئێسـتا بـە یەکـەم شـاعیری کلاسـیکی کـورد دادەنرێـت کـە پانتاییەکـی بەرچـاو لـە ناوەڕۆکـی شـیعرەکانی بەتایبـەت لـە بەرهەمـی (مـەم و زین)ەکەیـدا بـۆ کوردایەتـی تەرخانبـکات و وەکـو کوردێـک بـاس لـە هەسـت و نـاخ و هەڵویسـتی خـۆی بەرامبـەر بـە بـاری سیاسـی و نەتەوایەتـی سـەردەمی خـۆی بـکات. لەبەرئـەوە لـە ئەدەبـی کوردیـدا خانـی شـوێنێکی تایبەتـی هەیـە و دەمێکـە بووەتـە سـەرنجی نووسـەر و لێکۆڵەرانـی دەرەکـی و ناوخۆیـی، چونکـە هـەروەک د. عەبـدوڵڵا یاسـین عەلـی ئامێـدی لـە بـارەی خانییـەوە دەڵێـت: ((بەناوبانگـی خانـی لەگـەڵ شـاکاری (مـەم) و (زیـن) دا سـنووری دووری وڵاتـی بڕیـوەوە بـە جیهانـدا بڵاوبۆتـەوە.)) (ئامێـدی، ل. ٢٠٠٥، ١٦١). هـەر بۆیـە دەبینیـن نووسـەر و لێکۆڵـەران چ ئەوانـەی باسـی ئەدەبـی کلاسـیکی کـوردی بـە شـێوەیەکی گشـتی دەکـەن، چ ئەوانەشـی کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی باسـی هـزری نەتەوایەتـی لـە ئەدەبـی کوردیـدا دەکـەن، دەبـێ بـاس لـە خانـی بکـەن و گفتوگـۆ و هەڵوەسـتە لەسـەر شـیعرەکانی بکـەن و کـەم و زۆر بـاس لـە ناوەڕۆکـی کوردایەتـی خانـی بکـەن. ئەگـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە چاوێـک بـەو لێکۆڵینەوانـەدا بخشـێنین کـە بـاس لـە هـزری نەتەوایەتـی لای خانـی دەکـەن دەبینیـن بـە شـێوەیەکی گشـتی دەبنـە سـێ کۆمەڵـە:

-کۆمەڵـەی یەکەمیـان، کـە زۆربـەی نووسـەر و لێکۆڵـەرەکان دەگرێتـەوە، ئەحمـەدی خانـی بـە ڕێچکـە شـکێنەری هـزری نەتەوایەتـی دادەنێـن و وەکـو سـەرەتای مێـژووی ناسـیۆنالیزمی کـوردی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـەن

-کۆمەڵـەی دووەم، مەبەسـتمان لـەم نووسـەر و لێکۆڵەرەوانـەن کـە بـە پشـتبەستن بـە بیروڕاکانـی پێشـوو بـاس لـە خانـی دەکـەن و بیروراکانـی ئـەوان دووبـارە دەکەنـەوە

-کۆمەڵـەی سێیەمیشـیان، کـە تـاک تاکـەی نووسـەر و لێکۆڵـەر دەگرێتـەوە، کـە ئەوانیـش پێچەوانـە، یـان جیـاواز لـە کۆمەڵـەی یەکـەم پێیـان وایـە ناتوانرێـت خانـی بـە ناسـیۆنالیزم و گوتارەکەشـی بـە گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی دابنرێت

هەروەکـو پێـشتر ئاماژەمـان پێـدا زۆرێـک لـە لێکۆڵـەر و نووسـەران ئەحمـەدی خانـی بـە ڕێچکـە شـکێن و باوکـی هـزری نەتەوایەتـی کـوردی دادەنێـن و پێیـان وایـە خانـی وەکـو یەکـەم ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە نـاو شـیعرەکانی زۆر بـە ڕوونـی بـاس لـە دەربڕینـی هەسـتی نەتەوایەتییـەوە دەکات٤. کـە ئـەم بووچوونانـەش لـە لایـەن نووسـەرو لێکۆڵەرەوانێکـی وەکـو عەتـا قەرەداغـی بەرپـەچ دراوەتـەوە و ئـەو پێـی وایـە ناتوانیـن خانـی بـە ناسـیۆنالیزم و خـاوەن گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی دابنێیـن، بـۆ ئـەو مەبەسـتە لەسـەر چەنـد بنەمـاو مەنتـق و بەڵگەیـەک بۆچوونـی خـۆی دادەمەزرێنێـت، بـۆ نموونـە

4 بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ سەرچاوەکانی وەکو: (خەزنەدار، 0102) و (فندی، ٨٠٠٢، ل.١٥٥-٢٠١) و (ئامێدی، 5002)

-پێی وایە لەبەر ئەوەی ئەحمەدی خانی پاشخانێکی ئیسلامی هەبووە و لەو چوار چێوەیە پەنگی خواردووە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە نەوەک هەر گوتاری ئەحمەدی خانی نابێتە گوتارێکی نەتەوایەتی کوردی، بەڵکو تواندنەوەی ناسنامەی کوردە لە ناو مێژووی ئیسلامدا. ئەم بۆچونەشی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: ((بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە خانی شاعیریکی تا سەر ئیسقان پەیوەستبووە لە کەلتووری ئیسلامەوە و نەیویستووە لە دەرەوەی ئەو کەلتوورە و لە سنووریکی جیاواز لەودا کاربکات، بەشی زۆری ئەو مەسەلە فیکرییانەی کە لە شیعرەکانیدا خستوونیتیە ڕوو، ئەو مەسەلانەن کە پەیوەندییان بە مەسەلە فیکرییەکانی ناو فیکری ئیسلامیەوە هەیە و ئەگەر لە پەراویزیشدا چەند ڕستەیەک باسی کورد و کرمانج بکات ئەوە نابیتە بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی، بەلکو بە پیچەوانەوە کارکردنی خانی بەو جۆرە هەولدانیکە بۆ جیگاکردنەوەی کورد لە سنووری گوتاری ئیسلامیدا کە ئەوەش پرۆژەیەکە پیم وایە ئامانجی تواندنەوەی کورد و کەلتووری کوردی و ناسنامەی کورد بوون لە ناو کەلتوور و ناسنامە و میژو و کەسیتی ئیسلامیدا لە پشتیەوە ڕاوەستاوە.)) (قەرەداغی، گەڕان بە دوای بووندا، ٢٠٠٢، ل. ٢٤٦-٢٤٧)

- ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم وتانە بکەین، دەبینین موسڵمانبوونی خانی دەبێتە سەنگی مەحەکی بڕیارلەسەردانی، لە کاتێکدا ئەگەر بۆ سەردەمی خانی بگەڕێینەوە دەبینین دوو دەوڵەتی زلهێزی وەک عوسمانییەکان و فارسە سەفەوییەکان هەردووکیان خاوەنی ناسنامەیەکی ئیسلامی بوون و عوسمانیەکان لەسەر مەزهەبی سونی و سەفەوییەکانیش لەسەر مەزهەبی شیعی، هەر لەسەر ئەو دوو ناسنامە مەزهەبییە ئیسلامییە قەوارەی خۆیان دامەزراند و هەر بە پشت بەستن بە جیاوازیی مەزهەبیەوەش هەم پاراستن و هەمیش پاوانکاری و فراوانخوازی دەستەڵاتی خۆیان بەرجەستەدەکرد. هیچ نەتەوەیەک نییە تەواو بێ ئاین بێ، ئەگەر دەوڵەتانێکیش هەبن ئاینیان لە دەوڵەت جیاکردبێتەوە، بەڵام خۆ نەتەوەکەیان هەر ئاینێک یان چەندین ئاین و ئایدۆلۆژییان لە خۆگرتووە؟ لەبەر ئەوە پێمان وانییە بابەتی هەڵگری هزری ئیسلامیبوونی خانی لە هزری نەتەوایەتییەکەی کەم بکاتەوە، یان بڵێین توانەوەی کلتوری کوردی بێت. ئەگەر وابایە دەبایە ئێستا کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی فارس و تورک لە ناو کلتوور و ناسنامەی ئیسلام بتوابایەوە. بۆیە ئەگەر نەشتوانین بڵێن خانی ناسیۆنالیزم بووە بە مانا و چەمکی ئێستا، بەڵام دەتوانین بڵێن بە پێی چەمک و تێگەیشتنی سەردەمی خۆی؛ خانی خاوەنی هەست و هزری نەتەوایەتی کوردی بووە

-لەبەر ئەوەی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) لە سەردەمێک ژیاوە کە بریتییە لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەیەم، واتە لە سەردەمانێک کە ناسیۆنالیزم نەک لە کوردستان و ڕۆژهەڵات، بەڵکو لە ئەورووپاش تەواو دەرنەکەوتبوو. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر پشت بە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزمی سەر بە قوتابخانەی تیۆری مۆدێرنیست ببەستین. کە پێشتر باسمان کرد کە بە پێی ئەم قوتابخانە تیۆرییە، ناسیۆنالیزم لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنێتە و تەکنەلۆژیا و سەرمایەداری چەکەرەدەکات و سەدەی نۆزدەم سەدەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمە و پێش ئەم سەدەیە هیچ نەتەوەیەک بوونی نەبووە، ئەو کاتە بێگومان دەبێ نەتەوایەتی خانی قبوڵ نەکرێت و هەروەها نەوەک تەنیا هەرگیز وا گومان نەبەین کە خانی بیری لە هزری نەتەوایەتی کردبێتەوە، بەڵکو دەبێ بڵێین نەک هەر کورد بگرە هیچ نەتەوەیەکی تریش لەم سەردەم لە ئارادانەبووە. بۆیە باسکردن لە هزری نەتەوایەتی لای خانی جێگەی گاڵتەجارییە. کەواتە عەتا قەرەداغی هەبوونی هەستی نەتەوایەتی لە سەردەمی خانی بە ناشیاو دادەنێت و هۆکاری ئەم ناشیاوییەش بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: ((چونکە لە ڕووی زانستی ناسیۆنالیزمەوە نە لە قۆناغی ئەحمەدی خانی و نە لە قۆناغی نالیدا هەست و هۆشیاری نەتەوەیی یان بە زاراوەیەکی تر ناسیۆنالیزم نەک لە کوردستانی دواکەوتووی خێڵایەتی قۆناغی شوانکاری و گەرمیان و کویستان و ژیانی کشتوکالیدا سەری هەڵنەداوە بەلکو لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانیشدا ناسیۆنالیزم دەنەکەوتووە، ئیتر بە چ پێوانەیەک و بە چ لێکدانەوەیەک دەشێ شاعیرانی وەکو خانی و نالی کە جیاوازی مێژووش لە نیوانیاندا هەیە بە ڕابەری فیکری نەتەوەیی کوردی دابنرین؟ ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدیرنیتەیە واتە بەرهەمی شۆرشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا.....)) (سەرچاوەی پێشوو). ئەگەر هاوشێوەی ئەو، واتە بە چاویلکەی تیۆری مۆدێرنیست سەیری خانی بکەین ئەوە بێگومان هزری نەتەوایەتی لای خانی هیچ مانایەکی نامێنێت. بەڵام باسەکە بەوەندە کۆتایی نایەت، چونکە خۆ تەنیا ئەم تیۆرەی ناسیۆنالیزم لە ئارادا نییە؟ ئەی ئەگەر بە چاویلکەی تیۆری پێشینەگەر لە هزری نەتەوایەتی خانی بڕوانیین؟ هەروەک لە بەشی یەکەم خستمانەڕوو کە بە پێی تیۆری پێشینەگەرەکان مێژووی ناسیۆنالیزم لە سەردەمێکی زۆر کۆنتر لە مێژووی مۆدێرنێتە سەر دەردەکات، تەنانەت گروپێک لە پێشینەگەرەکان مێژووی ناسیۆنالیزم بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی درێژی دەکاتەوە. یان کەسێکی وەک (ئیرنست بارکەر) دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێش مێژووی نووسراو. یان مێژوونووسی ئەوروپی وا هەیە مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی زایینی٥. هەروەها قوتابخانەی تیۆری مۆدیرنیست وەکو قوتابخانەیەکی ناسیۆنالیزم لە لایەن کەسێکی وەک (ئەنتۆنی سیمیس) یان کەسانی تر ڕووبەرووی چەندین ڕەخنە و کێشە بوویەوە، چونکە لە لێکدانەوەی مێژووی دروستبوونی نەتەوە و وڵاتەکانی جیهان ڕووبەرووی کورتهێنان بوویەوە و نەیتوانی وەڵامی هەموو پرسیارە جەوهەرییەکان

5 بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (عەلی، ٢١٠٢، ل. ٣٣-٦٣) و (قەرەداغی، گەڕان بەدوای بووندا، ٢٠٠٢، ل. ٨٤٢-٩٤٢) .

بداتـەوە. هەرچۆنێـک بێـت لێـرەدا بـە پێویسـتی نازانیـن بچینـە نـاو ئـەو ووردەکارییانـەوە. کەواتـە ناکرێـت تەنیـا بـە پشـت بـەستن بـە تیۆرێکـی دیاریکـراوی بیانـی بڕیـار لەسـەر خانـی بدرێـت.

ئـەم دوو خاڵـەی خسـتمانەڕوو گرنگتریـن خـاڵ بـوون کـە بـۆ ڕەتکردنـەوەی هـزری نەتەوایەتی لای خانـی پشـتی پێدەبەسترێـت. هەرچەندە لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە کەسـێکی وەکـو عەتـا قەرەداغـی نکۆڵـی لـە بوونـی هەسـتی نەتەوایەتـی لای خانـی دەکات، بـەڵام دیسـان لـە بەرامبـەر ئـەم بابەتـە ناسـیۆنالیزمییانەی خانـی لـە ناوەڕۆکـی شـیعرەکانی بەرجەسـتەی دەکات ناتوانێـت تەواو فەرامۆشـی بـکات، هەروەها بـۆ ئەوەیـش لەگـەڵ ئـەو قوتابخانـە تیۆرییـەی پشـتی پێبەسـتووە تێکنەگیرێـت دەڵێـت: ((دەشـێ هەنـدێ جـار تاکەکـەس پیـش قۆناغـی مێژوویـی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی بکەویـت بـەڵام ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی زەمینـەی مـادی نییـە ناتوانێـت بنەمـای گوتارێکـی ئاشـکرا نەخشـە بکیشـیت، بەلکـو لـە سـنووری ئامـاژەی لاواز تیپـەر نـاکات کـە ئـەوە خانـی و نالـی لـەو حالەتـە زیاتـر نییـە، حالەتـی هەسـتێکی سـادەی دیسـپلین نەکـراو.)) (قەرەداغـی، گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی، ٢٠٠٧، ل. ٦٧) لێـرەدا دەبینیـن ئـەم تەعبیرکردنـە لـە خانـی وەکـو پـۆزش هێنانەوەیـەک، یـان وەکـو دانپێدانێکـی ناچارانـە لـە بەرامبـەر هەسـت و هـزری نەتەوایەتـی خانـی دەخرێتـەڕوو. یـان کـە لـە شـوێنێکی تـردا لـە باسـی هـزری نەتەوایەتـی لـە سـەردەمی میرنشـینەکاندا دەڵێـت: ((... دەشـێ لـە قۆناغـی میرنشـینەکاندا تاکـە کەسـی واش هەبوویێـت کـە هوشـیاری نەتەوایەتـی هەبوویێـت، بـۆ نموونـە دەشـێ ئەحمـەدی خانـی لـەو تاکـە کەسـانە دابنرێ، بـەڵام مـادەم نەتـەوە خـۆی وەکـو دامەزراوێکـی کۆمەڵایەتـی –سیاسـی پێکنەهاتـووە ئـەوا هوشـیاری تاکـە کـەس کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی نابێـت.)) (قەرەداغـی، گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی، ٢٠٠٧، ل. ٦٧). کەواتـە هەرچۆنێـک بێـت ئـەو بیروڕایـەی کـە دان بـە هـزری نەتەوایەتـی لـە نـاو شـیعرەکانی خانـی نانێـت، بـەڵام بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان دان بـە هۆشـیاری نەتەوایەتـی تاکەکەسـی خانـی دەنێـت و خانـی دەهێنێتـەوە ڕێـزی نەتەوەخـوازەکان. بۆیـە ئەگـەر خانـی لـە سـەردەمێکیش بووبـێ کـە دەرنەکەوتنـی نەتـەوە و نەتەوایەتـی بـە پێـی پێناسـەی ئەمـڕۆ لـە ئـارادا نەبوویێـت، بـەڵام بەپێـی پێناسـەی نەتەوایەتـی سـەردەمی خـۆی؛ خانـی وەکـو شـاعێرێکی کلاسـیکی کـوردی خاوەنـی هەسـت و هۆشـیاری نەتەوایەتـی بـووە و ویسـتوویەتی هـزری نەتەوایەتـی بەرجەسـتەکراوی نـاو ناوەڕۆکـی شـیعرەکانی بکاتـە زەنگـی هۆشـیارکردنەوەی نەتەوەکـەی و هاوشـێوەی نەتەوەکانـی تـر بێتـە پێشـەوە و ببێتـە خاوەنـی دەسـتەڵات و قـەوارەی خۆیـان. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گێرانـەوەی چیرۆکێکـی خۆشەویسـتی میللـی بـە شـیعر بەنـاوی (مـەم و زیـن) دەکاتـە ئامـراز و بیانوویـەک تاوەکـو خـەم و مەبەسـتە نەتەوایەتییەکـەی خـۆی پـێ بەرجەسـتە بـکات، هـەروەک خۆشـی بـە دێـرە شـیعرێک بـاس لـەم ڕاسـتییە دەکات و دەڵێـت

شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە

زینێ و مەمێ بکم بـەهــانە (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٥٢)

هەرچۆنێـک بێـت بـۆ زیاتـر خسـتنەڕووی هـزری نەتەوایەتـی لـە لای خانیـدا، چەنـد لایەنێکـی گرنگـی هـزری نەتەوایەتـی لـە ناوەڕۆکـی شـیعرەکانی دەخەینـەڕوو:

**١،٢،٢ دیاریکردنی ناسنامە**

خانـی لـە ناوەڕۆکـی شـیعرەکانیدا هەمـوو کـوردەکان لـە یـەک ڕەگـەز کۆدەکاتـەوە و بەرامبـەر تـورک و عـەرەب و فارسـیان دادەنێـت. واتـە کوردەکانـی سـەر بـە هەمـوو میرنشـین و خێـڵ و عەشـیرەتێک بەیـەک نـاوی کۆکـراوەی گشـتی دەبـات و هەمـوو نازناوەکانـی وەکـو: بایەزیـدی، بتلیسـی، هـەکاری، یـان... هتـد بەلاوەدەنێـت و تەنیـا بەیـەک ڕەگـەز ناویـان دەبـات و جیاوازیـان لـە نێوانـدا ناهێڵێـت و بەمـەش دەیەوێـت پێیـان بڵێـت کـە ئێـوەی کـورد هەمـوو یـەک ڕەگـەزن و دەبـێ وەک یـەک دەسـتە و تاقـم بەرامبـەر ڕەگەزەکانـی تـر بنـەوە. بەمـەش ناسـنامەیەکی سروشـتی بـۆ کـوردەکان دووپـات دەکاتـەوە و کـوردەکان لـە یـەک ناسـنامەی سروشـتی، کـە کـورد بوونـە کۆدەکاتـەوە. خانـی لـە شـیعرەکانیدا لـە چەنـد شـوێنێک نـاوی کـورد دەبـات و هیـچ کات نازنـاو و جیاکاریـی بـۆ ناخاتـەڕوو، بەڵکـو بـە (کورمانـج، ئەکـراد) وەکـو زاراوەیەکـی گشـتی بـۆ هەمـوو کـورد ناویـان دەبـات. بـۆ نموونـە کـە دەڵێـت

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا

کــورمـــانج د دەولەتا دنێدا

ئایە ب چ وەجهآ مانە مەحرووم

بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٤)

لێـرەدا خانـی زاراوەی (کورمانـج) بـۆ هەمـوو کـورد بەبـێ جیـاوازی بـەکار دەهێنێـت و بەمـەش هەموویـان لـە یـەک ڕەگـەز کـۆ دەکاتـەوە

و بەرامبەر بە ڕەگەزەکانی تری دەوڵەتی دونیا بەرامبەریان دەکاتەوە

بفکر ژی عەرەب حەتا ڤە گورجان

کورمانجییە بوویە شبهی بورجان

ئەڤ ڕوم و عەجەم ب وان حەسارن

کورمـــانج هەمی ل چار کەنارن

هەردوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج

بۆ تیرێ قەزا کرینە ئـــامـــانج (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٤)

لێرەشدا هەر زاراوەی (کورمانج)ی بۆ هەموو کوردان بەبێ جیاوازی بەکارهێناوە و لە بەرامبەر ڕۆم و عەجەم بەکاریهێناوە و جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی کوردان لەگەڵ ئەم دوو ڕەگەزە بەرجەستەکردووە و لەسەر بنەمای برایەتیی ئاینی نەیکردوون بە یەک ڕەگەز. بەڵکو لەسەر بنەمای نەتەوایەتی لێکی جودا کردوونەتەوە. کە ئەمەش هزری کوردایەتی ئەحمەدی خانی بەرجەستەدەکات

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکـــراد

بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد

ئەنواعێ میللەل خودان کتێبن

کورمانج تەنێ دبێ حسێبن (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٦)

دەبینین دیسان خانی زاراوەیەکی گشتی وەک (ئەکراد) و (کورمانج) بەکار دەهێنێت و هەموو میللەتانی جیهان لە لایەک دادەنێ و کوردیش لە لایەکی تر ئەمەش جیاکارییەکی ئاشکرای ڕەگەزی کوردە لە میللەتەکانی تر و ناسنامەیەکی سروشتی دروستکردنە بۆ کورد بەرامبەر بە هەموو میللەتەکانی تر، بەوەی کە دەڵێت با نەڵێن هەموو جۆرە میللەتێک، واتە: هەموو ڕەگەزێکی نەتەوەیی جیهان، خاوەن کتێبن بەتەنیا کورد بەبێ کتێبن.

**٢،٢،٢ بەرجەستەکردنی ناسنامەی کلتوری کوردی/ کلتوری ئازایەتی و چاونەترسی و ناتەبایی و دووبەرەکی**

خانی لە پاڵ ئەوەی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەگەزی هەموو کوردان بەیەک نەتەوە دەخاتەڕوو، باس لە کلتورو کەسایەتی کوردانیش دەکات و ناسنامەیەکی کلتورییان لە چەند لایەنێکەوە بۆ نمایش دەکات و پێیان دەڵێت ئێوە خاوەنی ئەم جۆرە ناسنامە کلتورییەن، کە بەمەش هەم دەیەوێت کلتورێکی هاوبەشیان بۆ بەرجەستە بکات و هەمیش جیایان بکاتەوە لە نەتەوەکانی تری وەکو عەرەب و تورک و فارس. پاشانیش خاڵی لاوازو بەهێزی ئەم کلتورەیان بۆ دەخاتەڕوو، پێیان دەڵێت کە پێویستە کلتورەکەتان بە پێی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکە ڕێکبخەن

بە شێوەیەکی گشتی کلتور ((ئەو سیستەمە هزریە کۆمەڵایەتیە بوتە دەستوری کۆمەڵگا لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیکاندا پەیڕەوی دەکات. جۆری کولتورەکان سەقامگیرە لەسەر ئاستی هوشیاری کۆمەڵگاکە. جیاوازی کولتوری قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیستەمی ئابووری پێکهاتە چینایەتیەکان گۆڕانی بەسەردا دێت و هاتووە.)) (چنگیانی، ٢٠١٧، ل. ٣٢). خانی دەیەوێت ئەم سیستەمە هزرییە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای کوردی بخاتەڕوو، کە ڕۆڵی هەیە لەسەر ژێردەستی و سەربەرزی کورد. بۆ نموونە دێت باسی ئازایەتی کورد دەکات و بەشان و باڵی شەرکەرو سەرۆکە کوردییەکان دا هەڵدەڵێت و دەیەوێت بە بیریان بهێنێتەوە کە ئێوە کەسانی لێهاتوو بەجەرگن، بەمەش دەیەوێت هەم پێیان بڵێت شورەیيە بۆ کەسانێکی وەکو ئێوە ئازا؛ ژێردەست و زەلیلی بێگانە بن و هەمیش دەیەوێت ئەم خاڵە کلتورییە بەهێزەیان بخاتەوە پێش چاو و پێیان بڵێت ئێوە دەتوانن ببنە خاوەنی هێز و دەستەڵات و شایەنی ئەوەن بێگانە خزمەتکاری ئێوە بن، نەوەک بە پێچەوانەوە. لەبارەی کلتوری ئازایەتی کوردان (شەرەفخانی بەدلیسی) دەڵێت: ((زۆربەری کوردەکان ئازاد و ئازا و بوێر و جوامێر و مێرخاس و گەڕناس و بەکار و بەفیز وەدەمارن)) (بدلیسی، ٢٠٠٦، ل. ٢٢). ئەو وتەیەی شەرەفخانیش دڵنیاکەرەوەیەکی بەهێزە لە هەبوونی کلتوری بەجەرگی کوردەکان. خانی لەم چەند دێرەی خوارەوەدا زۆر بە ئاشکرا باسی کلتوری جوامێری و ئازایی و چاونەترسی کوردان دەکات و دەڵێت

ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم

بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم

وان گرتی ب شیر شەهرێ شوهرەت

تەسخـیر کرن بیلادێ هیممەت

هەر میرەکێ وان ببەزلێ حاتەم

هەر مێرەکێ وان برەزمێ ڕۆستەم

بفکر ژی عەرەب خەتا ڤە گورجان

کورمانجییە بوویە، شبهآ بورجان

ئەڤ ڕوم و عەجەم ب وان حەصارن

کورمانج هەمی ل چار کـەنــارن

هەردوو تەرەفان قەبیلێ کرمانج

تۆ تیرآ قەزا کرینە ئامانج

کویا کول سەر حەدان کلیدن

هەر تایفە سەددەکن سەدیدن

ئەڤ قولزومێ ڕوم و بەحرێ تاجیک

هندی کو بکن خروج و تەحریک

کورمانج دبن ب خون مولەتتەخ

وان ژێک ڤە دکن میسالێ بەرزەخ

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت

مێرێنی و غیرەت و جەلادەت

ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد

وان دانە ب شیر و هیممەتێ داد (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٤)

خانـی زۆر بەجوانـی ئـەم کلتـورەی ئازایەتـی و چـاو نەترسـیی کـوردان دەخاتـەڕوو تەنانـەت پارێـزراوی و بەردەوامـی دەسـتەڵاتی ڕۆم و عەجـەم هـەر بـۆ ئازایەتیـی کـوردان و خزمەتـی ئـەوان دەگەڕێنێتـەوە. هەروەهـا بـاس لـەوە دەکات کـە ئازایەتـی و جوامێـری کـورد ئەوەنـدە زۆرە کـە وایکـردووە لـە ناوخۆیانـدا بـۆ یـەکتری سـەر دانەنوێنـن و کلتـوری یـەکتر قبوڵنەکـردن و دووبەرەکـی، وەکـو لایەنێکـی نەرێنــی کلتــووری بێتــە پێشــەوە و کــە ئەمــەش هۆکارێکــی ســەرەکییە لــە ناتەبایــی و پارچــە پارچەیــی کــورد و نەبوونــی یەکێتــی و یەکرێـزی. ئـەم کلتـورە نەرێنییـە (شـەرەفخانی بتلیسـی)یش لـە (شـەرەفنامە)کەی خۆیـدا باسـی کـردووە کـە دەڵێـت: ((کـوردەکان ئەگـەر ئاکارێکـی ناپەسـندیان هەبـێ، هـەر ئەوەندەیـە: کەسـیان سـەر بـۆ کەسـیان ناچەمینـی و بـۆ یـەکتر نایەنـە بەرکەمەنـد و هـەر وەک تاکـە-تاکـە، هـەر کەسـە بیـر لـە سـەربەرزی خـۆی دەکاتـەوە، بەتێکڕایـی بیـر لـە سـەربڵندی تێکڕایـی ناکـەن و پشـتی یـەکتری ناگـرن و نابنـە یـەک.)) (بدلیسـی، ٢٠٠٦، ل. ٢٥). دیـارە ئـەم کلتـورە تایبەتمەندییەکـی دێرینـی نەتـەوەی کـوردە، کـە خانـی بـەم شـێوەیە لـە شـیعرەکانی بەرجەسـتەی دەکات:

هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن

ئەو چەند ژ مینەتێ نەفوورن

ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووێ هیممەت

بو مانعێ حەملێ بارێ میننەت (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٤-٤٥)

هەر وەها زیاتر لەسەر ئەم باسە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن

دائیم ب تەمەڕود و شیقاقن

گەر دێ هەبووا مە ئیتیحادەک

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژ مەڕا دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت

تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

تەمییز دبوون ژ هەڤ مەقالات

مومتاز دبوون خودان کەمالات (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٥)

بەم شێوەیە دەبینین ڕاستەوخۆ ڕوو لە کوردان دەکات و پێیان دەڵێت کە ئێمە لە نێو خۆماندا سازشمان نییە و بەردەوام لە ناکۆکی و ململانێ داین و ئەگەر ڕێککەوتن و سازانمان هەبایە ئێستا نەتەوەکانی تر هەموویان دەبوونە خزمەتکاری ئێمەو ئێمەش دین و کیانی خۆمان تەواودەکرد و بەرەو زانست و پێشکەوتن هەنگاومان دەنا. کەواتە لێرەدا خانی دەیەوێت بە کوردان بڵێت کە لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی کلتوری سازش و یەکرێزی نیین، بۆیە هەردەم پاشکۆ و خزمەتکاری میللەتانی ترین و نەمانتوانییوە دین و قەوارە و پێشکەوتنی خۆمان مسۆگەربکەین، بۆیە پێویستە هۆشیار بینەوەو واز لەم کلتوور و خووە نەرێنییە بهێنن و دەست بخەنە ناو دەستی یەک، تاوەکو بەو یەکدەستییە مافی سەربەستی خۆتان بەدەست بهێنن. بەستنەوەی دین و دەوڵەت بەیەکەوە لەلایەن خانییەوە نیشانەی هۆشیاری نەتەوەیی خانی وەکو زانایەکی ئاینی ئیسلامی کوردی دەسەلمێنێت، ((... زانایانی ئاینی بەوە هۆشیار بوون بەبێ بوونی پیرۆزی نەتەوەی پیرۆزی دینی سەقامگیر نابێ چونکە دین بەشێک و سەرچاوەیەکی گرنگی کولتوری هوشیاری کۆمەڵە کولتوری هوشیاری کۆمەڵیش پێگەیەکی گرنگی کەسایەتی نەتەوەیە بۆیە بێ پاراستنی کەسایەتیی نەتەوەی کەسایەتی ڕۆشنبیری نەتەوەیش دەچێتە ژێر هەرەشەی بێ ڕیزیەوە. ئەمەیە ئەو میکانیزمە هوشیاریە هزری مۆدێرن بۆ تێکەڵاوکردنی چمکە هزریەکانی کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ پاراستنی سەروەری و ئازادی نەتەوە.)) (چنگیانی، ٢٠١٧، ل. ٤٢) خانیش بەپێی سەردەمی خۆی درکی بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە دین و قەوارە پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەگینا خۆ خانی لەو سەردەم کێشەی لەگەڵ ئاینی دەوڵەتی عوسمانی نەبووە و هەروەک ئاشکرایە کە دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی ئیسلامی سونی بووە و خۆی بە میراتگر و خزمەتکاری ئەم ئاینە ناساندووە

**٣,٢,٢ خۆزگەی سەرۆك و پاشایەكی كورد**

یەکێکی تر لە هزری نەتەوایەتی لای خانی وروژاندنی باسی سەرۆک و پاشایەکی دەستەڵاتداری کوردییە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هێز و تەخت و تەنجی ئەم پاشا کوردەوە میللەتی کورد بوون و ژینی خۆی مسۆگەر بکات و ئەو قەدر و قیمەتەی کە پێی نەدراوە بۆی بیگەڕێنێتەوە، هەروەک دەڵێت

قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب

تالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب

بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار

جارەک ببتن ژ خواب هوشیار

رابت ژ مەژی جیهان پەناهەک

پەیدا ببتن مــە پادشـــاهەک

شـیرێ هونەرا مــە بێتە دانین

قەدرێ قەلەمــا مــە بێـتە زانین

دەردێ مەببیـنتن عـیــلاجێ

عــیلمێ مـــە ببـــینتن ڕەواجێ

گەر دێ هەبوبا مـــە ســـەرفرازەک

صاحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک

نەقدێ مە دبوو ب سککە مەسکووک

نەدما وەهـە بێ ڕەواج و مــەشکووک

هەرچەندی کو خالیص و تــەمــیــزن

نەقـــدەین ب سککەیێ عـــەزیزن

لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

گـــەردی هەبوویا مــە پادشـــاهەک

لایق بدیـیا خـــودێ کـــولاهەک

تەعـــیین ببوویا ژ بۆ وی تەختەک

زاهیر ڤـــەدبوو ژ بۆ مـــە بەختەک

حاصیل ببوویا ژ بۆ وی تاجـــەک

ئەلبەتتە د بوو مەژی ڕەواجـــەک

غەمـخـواری دکـر ل مـە یەتیــمــان

تینانە دەرێ ژ دەسـت لەئیــمــان

غالیب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕوم

نەدبوونە خـــرابەیێ د دەست بوم

مەحکومێ عەلییە و صەعالیک

مەغلووب و موتیـعێ تورک و تاجـیک (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٢-٤٣)

خانـی خـەون بـە هەبوونـی پاشـایەکی کـوردەوە دەبینێـت و هەمـوو ئـاوات و خۆزگەکانـی پێیـەوە دەبەسـتێتەوە و وا دەخاتـەڕوو کـە ئەگـەر کوردێـک ببایـە بـە پاشـا و خاوەنـی هێـز و تـاج و تەختـی خـۆی ئـا ئـەو کات بەخـت ڕوو لـە کـورد دەکات و دەبێتـە خـاوەن ڕێـزو سکەی دراوی تایبـەت بەخۆیـی و دراوی ئـاوا بـێنرخ نەدەمایـەوە و هیچـی تـر بێگانـە بەسـەریدا زاڵ نابـوو، ئـیتر کـورد سـەربەخۆیی خـۆی ڕامدەکـرد و هەیبـەت و بوونـی خـۆی بەرجەسـتە دەکـرد. بـەڵام دیـارە ئـەم هـزرە نەتەوایەتییـەی خانـی تەنیـا لـە خۆزگـە و ئومێـد و دەربڕینـی هەسـتێکی شـاعیرانە خـۆی پێشکەشـکردووە و هیواخواسـتنی کرانـەوەی دەرگایەکـی بەختـە بەسـەر نەگبەتـی و نەهامەتییەکانـی کـورددا

**٤-٢-٢ هێز بنەمای زامنکردنی قەوارەیە**

خانـی بـە پێـی تێگەیشـتنی خۆیـی و بنەماکانـی گەیشـتنە دەسـتەڵات و کیـان لـەو سـەردەمدا، یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی

گەیشتن بـە سـەرکەوتنی کـورد بـۆ گرتنـە دەسـتی ئامرازەکانـی شـەرو هەبوونـی هێـز و زەبـر و زەنـگ دەگەڕێنێتـەوە. لێرەدا خانـی وەک (میکاڤیلـی) و (هوبـز) هێـز بـە بنەمـای دەسـتەڵات دەزانێـت، چونکـە هەریەکـە لـەم دووانـە ((لـە لایانگرانـی بەکارهێنانـی هێـز بـوون بـۆ پێکهێنانـی دەوڵـەت، لـە ئێسـتادا و لـە دەوڵەتـە مۆدێرنەکانیشـدا پشـت ئەسـتوور بـە هێـزە جیاوازەکانـی دەوڵـەت ئامانجـە ستراتیـژی و نیشـتمانیەکان و ئارامـی و ئاسـایش دەچەسـپێت.)) (مەحمـود، ل. ٢٠١٧، ٦٥). لەگـەڵ ئەوەشـدا خانـی لـە پـاڵ شمشـێر چاکـەش فەرامـۆش نـاکات و دوای هێـزو شمشـێر دەیهێنێتـە پێشـەوە. هـەروەک خانـی دەڵێـت

هەرچی برە شیرێ دەستێ هیممەت

زەبت کر ژ خوە ڕا بـمێری دەولەت

لەورا کو جیهان وەکی عەرووسە

وێ حوکم د دەستێ شیرێ ڕووسە

لێ عەقد و صیداق و مەهر و کابین

لوتف و کەرەم و عەتا و بەخشین

پرسی ژ دەنێ من ئەڤ ب حیکمەت

مەهراتە چ؟ گۆتە من کو هیممەت

حاصل کو دنێ ب شیر و ئیحسان

تەسـخیر دبت ژ بۆیێ ئیـنسـان (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٣)

لێرەدا دەبینیـن خانـی بـە ئاشـکرا داوای هەبوونـی هێـز و گرتنـە دەسـتی ئامـرازی شـەر بەتایبـەت لـە لایـەن میـر و سـەرۆکە کـوردەکان بـۆ ئـەوەی لـەم ڕێگەیـەوە بتوانـن سـەرۆکایەتیی دەسـەلات مسـۆگەر بکـەن و شمشـێر و ئامـرازی هێـز لـە دەسـت کـێ دابێـت ئـەو دەتوانێـت بووکـی جیهـان بۆخـۆی ڕامبـکات. ((ئینجا (چاکە) واتـە هەڵـس و کەوتێکـی ژیرانـە لەگـەڵ دەوروبـەر ڕەفتـارو ئەنجـام بـدەی. لێرەدا دەبینیـن خانـی (هێـز) دەخاتـە پێـش چاکەوکـرداری بـاش و بـە بناغـەی سـەرەکی دا دەنـێ بـۆ بەرگـری و سـەرکەوتن و ڕزگاربـوون، ئینجا دێتـە سـەر (چاکـە)، چونکـە خانـی دەزانـێ و لـەو باوەڕەدابـوو چاکەیەکـی قەلـس و لاواز لـە جیهانێکـدا کـە هێـزو خورتـی داگیـری کـردووەو دەیبـا بەرێـوە، ناتوانـێ بـژی و خـۆی بپارێـزێ.)) (ئامێـدی، ٢٠٠٥، ل. ٧٣). بۆیـە دەبـێ چاکـە و ئیحسـان لـە شـوێنی خـۆی بەکاربهێنرێـت، دەتوانیـن خوێندنـەوەی ئـەوەی بـۆ بکەیـن و بڵێیـن دەبێـت هێـز لـە شـوێنی خۆیـی و چاکـەش لـە کاتـی خـۆی بـە حەکیمانـە بەکاربهێنرێـت و نابـێ سـاویلکانە و لاوازانـە هەڵسـوکەوت بکـەن، تاوەکـو بەکارتـان نەهێنـن

**٢-٢-٥ وروژاندن و دروستکردنی هەست و ویستی ئازادی و سەربەخۆیی**

مـرۆڤ هـەر لـە ئەزەلـەوە حـەز لـە ئـازادی دەکات، بـە شـێوەیەکی وا کـە دەتوانیـن بڵێیـن: ((ژیـان یانـی ئـازادی. ژیـان بـێ ئـازادی بوونـی نەبـێ بـاشترە بۆیـە مرۆڤـە ئازادیخـوازەکان ژیـان دەکـەن بـە قوربانـی ئـازادی. ئـازادی ئـەو هەسـتە بەپێزەیـە مـرۆڤ دەگەینێتـە ئاسـتێک هەسـت بـە بوونـی خـۆی وەک بونەوەرێـک بـکات. لەدێـر زەمانـەوە فاکتەرەکانـی گشـت گرفتـە گەورەکانـی مرۆڤایەتـی و جەنگـەکان لـە پاراسـتنی کەسـایەتی ئـازادی نەتـەوە هاتـووە.)) (چنگیانـی، ل. ٢٠١٧، ٤٠). کەواتـە هـەر لـە ڕێگـەی ئازادییـەوە مـرۆڤ دەتوانێـت بـوون و ژینـی خـۆی بەرجەسـتەبکات هـەر بۆیـە خانـی لـە شـیعرەکانیدا خـەون بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی گەلەکـەی دەبینێـت و ئـەو سـەربەخۆییەش بـە بوونـی دەسـتەڵاتی پاشـا و کیانێـك دەبەسـتێتەوە و پێـی وایـە ئەگـەر کـورد خەونـی پاشـایەکی بـە دەسـتەڵات و تەخـت و تـاج بـۆ بهاتبایـە دی ئـەو کات کـورد لـە ژێردەسـتی ڕزگاری دەبـوو، هـەروەک لـەم دوو دێـرە شـیعرەدا ئامـاژە بـەو ڕزگاری و ئازادییـە دەکات

غەمـخواری دکـر ل مـە یەتیــمـان

تینانە دەرێ ژ دەسـت لەئیــمـان

غالیب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕوم

نەدبوونە خـــرابەیێ د دەسـت بوم (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٣)

لێرەدا خانی بابەتی ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێر چەپۆکی بێگانە بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بە گوێی کورد دا دەدات. خانی هزری ئازادی نەتەوایەتی پەسندتر دەکات لە هزری ژێردەستی بۆ دەوڵەتێکی ئایینی وەکو ڕۆم، بەمەش خانی ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە دەڵێت: ((لە نێوان بلانسی هزری دینی و پیرۆزی ئازادی نەتەوەیدا هزری نەتەوایەتی بەهێزترە لە دینەکان.)) (چنگیانی، ٢٠١٧، ل. ٤٠)

**٢-٢-٦ خزمەتی زمان و ئەدەبیات**

خانی ئەگەرچی شاعیرێکی کلاسیک بوو لە هەمان کاتیش مەلایەکی حوجرە بوو، بەڵام هەستی بەوە کردووە کە پێویستە ئەو وەکو کوردێک خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی خۆی بکات، ئەگەر لە چوارچێوەی قاڵبی هونەری بێگانەش بێت. واتە خانی ویستوویەتی هەم وەکو شاعێرە مەزنەکانی عەرەب و ڕۆم و عەجەم بەرهەمە شیعریەکانی خۆی بنووسێت و هەمیش لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە خزمەتێک بە نەتەوەکەی پێشکەش بکات. بۆ ئەم مەبەستە بەرهەمی شیعری (مەم و زین)ەکەی باشترین بەڵگەیە. خانی هەر لە ناوەڕۆکی دیرە شیعرەکانی خۆی ئاماژە بەو خزمەتە دەکات و پیشانی دەدات بە مەبەست بە زمانی کوردی ئەم بەرهەمە دانسقەیەی هۆنیوەتەوە. هەر لەم بارەیەوە د. مارف خەزنەدار لە باسی (مەم و زینی) خانیدا دەڵێت: ((چیرۆکی شیعری (مەم و زین) وێنەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە، شاعیر لەو ڕۆژگارەدا لەوە گەیشتبوو کە پێویستی سەرشانیەتی زمانی کوردی بپارێزێ و پێشی بخا)) (خەزنەدار، ل. ٢٠١٠، ٤٠٩). هەست کردن بە ئەرکێکی وا پیشاندانی هزری نەتەوایەتی خانییە. چونکە ((زمان تەنیا فاکتێک نییە بۆ تێگەیشتن و دیالۆگی نێوان دوو مرۆڤ. بەڵکو فاکتێکە بۆ گەشەکردنی تاک و کۆمەڵ و شوناسنامە و هوشیاری نەتەوە.)) (چنگیانی، ل. ٢٠١٧، ١٢). هەروەها هەروەک ((ڕۆسۆ، هردر، فیشتە) دەڵێن ڕۆحی نەتەوە لە زمانی ڕەسەنی نەتەوەیدایە.)) (سەرچاوەی پێشوو) هەر بۆیە ئاوردانەوەی خانی لە زمانی نەتەوایەتی و گرینگی پێدانی و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بەو زمانە لایەنێکی ڕووناکی هزری نەتەوایەتی خانی دەردەخات. خانی دەیەوێت بە بەرهەمی (مەم و زین)ی نەوەک هەر خزمەتی زمانی کوردی بکات بەڵکو دەیەوێت ببێتە مایەی شانازی کوردان لە نێو میللەتانی تردا. هەروەک دەڵێت

خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی

مەیدانێ کەمالێ دیتی خالی

یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری

بەلکی ب تەعصوب و عەشیری

حاصل ژ عیناد ئەگەر ژ بێداد

ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد

صافی شەمراند ڤەخوار دوردی

مانەندێ دەری لیسانێ کوردی

ئینایە نیزام و ئینتزامێ

کێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن بێ ئەصل و بونیاد

ئەنواعێ میللەل خودان کتێبن

کورمانج تەنێ دبێ حسێبن (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٦)

لێرەدا دەبینین زۆر بە ڕوونی باسی نووسینی بەرهەمەکەی بە زمانی کوردی دەکات و بیانووی ئەم کارەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بۆ ئەوەی کەس نەڵێت کورد خاوەنی بەرهەم و کتێب نین و بێ مەعریفەت و نەزانن. ئەم خەم و بیانووەی خانی لە هەست و هزری نەتەوایەتی سەرچاوەی گرتووە

**٧-٢-٧ هەوڵ بۆ بەرجەستەکردنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی**

خانی وەکو شاعێرێکی کلاسیکی کوردی هەستی نەتەوایەتییەکی ئاشکرای لە دوو توێی ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێشکەش کردووەو زۆر شانازی و ڕێزی بۆ نەتەوەکەی دەربڕیوە. دەتوانین بڵێین کە هەستی نەتەوایەتیش بریتییە لە ڕێز لە خۆنان و شانازی بەخۆکردن (خانی، ٢٠٠٨، ل. ٤٤). خانی جگە لە دەربڕینی هەستی خۆی بۆ نەتەوەکەی ڕوودەکاتە کوردان و دەیەوێت تەڵی هەستی کوردایەتییان بژەنێت و بە بیریان بهێنێتەوە کە ئەوان کوردن و هاو ڕەگەزی یەکن و خاوەنی ئازایەتی و سەروەری و لێهاتوویی خۆیانن و... هتد. بەمەش دەیەوێت نەتەوەکەی هۆشیار بکاتەوە و هۆشیاری نەتەوەیی لە ڕێگای شیعرەکانی بڵاوبکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەبینین هەموو ئەو خاڵانەی، کە لە پێش ئەم باسەدا، بۆ دەرخستنی هزری نەتەوایەتی خانی خستمانەڕوو هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە خانی لە ڕێگەی شیعرەکانی هەوڵیداوە کار لەسەر هۆشیاری نەتەوایەتیی نەتەوە پەرتووبڵاوەکەی بکات، بۆیە لێرەدا نامانەوێت ئەم باسانە دووبارە بکەینەوە

کاریگەری هزری نەتەوایەتی خانی لەسەر هۆشیاری نەتەوایەتی ئەدیب و ڕۆشەنبیرانی کورد دەبینرێت. ئەوەتا حاجی قادری کۆیی شاعێری ناسراوی کورد، کە نزیکەی دوو سەدە دوای سەردەمی خانی دەردەکەوێت، پاش ئەوەی دەچێتە ئەستەمبوڵ و بە (مەم و زین)ی خانی ئاشنا دەبێت، ئەم ئاشنا بوونە دەبێتە سەرچاوەی گەشەسەندنی هزر و هۆشیاریی نەتەوایەتی حاجی و تەنانەت هەندێک لێکۆڵەر لە ڕووی هزری نەتەوایەتییەوە حاجی بە قوتابی و درێژە پێدەری خانی دادەنێن. هەروەها حاجی بە وتەی خۆی، کە ئەمیر جەلادەت بەدرخان بۆمان دەگوازێتەوە، پشتراستی (مەم و زین)ی خانی وەکو کتابێکی نەتەوایەتی کورد دەکاتەوە٦

لە کۆتاییدا ئەوەی لە هزری نەتەوایەتی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە خانی وەکو لێکۆڵەر و شارەزایەکی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی، دێت باس لە نەتەوەی کورد دەکات و دەست لەسەر ئەو دەردانە دادەنێت کە بوونەتە لەمپەر لە بەردەم گەیشتن بە سەربەخۆیی و کیانی کوردی، هەروەکو پێشتر خستمانەڕوو دەردەکانیش بەگشتی بریتییە لە نەبوونی سازش و یەکرێزی و یەکگرتنی نێوان میرنیشین و خێل و عەشیرەتە کوردەکان. ئەو دەردەی کە تا ئەمڕۆش کورد بەدەستییەوە دەناڵێنێت هەروەک د. مارف خەزنەدار لەو بارەیەوە دەڵێت: ((شاعیر بەو داخەوە سەری ناوەتەوە کە سەربەخۆیی کوردی نەدیوە، گیانی پاکی لەوانەیە هەست بەوە بکا کە ئەو نەبوونی یەکێتییە تا ئێستا لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەناو نەچووە.)) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ل. ٤١٨). هەروەها بنەما و یاساو تیۆری گەیشتن بە پاشا و تەخت و تاج و دەستەڵات و دروستکردنی کیان بە پێی لێکدانەوەی ئەو سەردەم بۆ هەبوونی هێز و ئامرازی شەر و زەبرو زەنگ دەگەڕێنێتەوە، کە ئەمەش بنەمای سەرەکیی دروستبوونی دەوڵەتەکانی ئەو سەردەم بوونە. بۆیە ڕێنمایی و دیاریکردنی دەرمانی دووەمی بۆ کورد دەستگرتنە بە هێزو تیفاقی جەنگ

هەروەها خانی کار لەسەر چەند لایەنێکی بنیاتی نەتەوەی کورد، وەکو: ڕەگەز، کولتور، زمان،... هتد، دەکات و وەکو هۆشیاری نەتەوەیی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەیانخاتەڕوو. بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە نابینرێت کە خانی باس لە چوارچێوەی خاکی نیشتمان بکات، یان بڵێین نازانین خانی دەیەوێت لە چوارچێوەی چ سنوورێ قەوارەیەك بۆ کورد دروست بێت. ڕەنگە خانی تەنیا مەبەستی هەبوونی پاشا و قەوارەیەکی کوردیی وایە کە کوردەکان لە ژێر سێبەر و سایەی بحەسێنەوە، جا ئەم دەسەلاتە چ ناوچە و شوێن گرنگ نییە. واتە: زیاتر مەبەستی لە کیانێك نەتەوەییە، نەوەک دەوڵەتی نیشتمانی، یان بڵێین قەوارەیەکی کوردی، نەوەک نیشتمانی. دەتوانین بڵێین ئەمەش هەروەک ویستی جولەکەکان بۆ قەوارە، یان ئەو شێوە کیانە نەتەوەییەی کە شێخ مەحموودی نەمر دەیەویست بۆ کورد دایمەزرێنێت. هەرچۆنێک بێت خانی خەونی بە قەوارەیەکی نەتەوایەتیی کوردی هاو شێوەی ڕۆم و فارس دەبینی و دەیویست کوردیش وەک ئەوان خاوەنی بوون و کیانی خۆی بێت

**ئەنجام**

لە میانەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر هزری نەتەوایەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە نموونەی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی، بە شێوەیەکی گشتی گەیشتین بەم ئەنجامانە

-هزری نەتەوایەتی لە نێو شیعری کلاسیکیی کوردیدا مێژوویەکی درێژی خۆی هەیە کە دەتوانین بڵێین سێ چوار سەدە پێش ئێستا بە پێی چەمکی نەتەوایەتی ئەو سەردەم ئەم جۆرە هزرە لە لای شاعێری کلاسیکی کوردی (ئەحمەدی خانی) دەردەکەوێت. خانی وەکو مەلا و ڕوناکبیر و شاعێرێکی ئەو سەردەم هەستی بە جیاوازی و زوڵمی نەتەوەکانی تری دەوروبەر کردووە و تێگەیشتووە کە کوردیش وەکو نەتەوەیەکی جیاواز و پێویستە هەر وەکو نەتەوەکانی تر یەک دەست و یەک هێز هەوڵی خۆیان

6 بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (فندی، 8002، ل. 131-071)

کۆبکەنـەوە و لـە ژێـر سـێبەری پاشـا و دەسـتەڵاتێک ئـازادی و مـاف و ئەرزشـی خۆیـان مسـۆگەر بکـەن

-خانـی لـە (مـەم و زین)ەکەیـدا بـە ئاشـکرا بـاس لـە بوونـی خـۆی وەک کوردێـک دەکات و خـۆی لـە نەتەوەکانـی تـری ئـەو سـەردەم جیادەکاتـەوە. هەروەهـا، هـەروەک خۆشـی لـە ناوەڕۆکـی (مـەم و زین)ەکـەی ئامـاژە بـەو ڕاسـتییە دەکات، کـە (مـەم و زین)ەکـەی دەکاتـە بەهانەیـەک بـۆ ئـەوەی پەیـام و هـزری نەتەوایەتـی خـۆی پـێ ئاراسـتە بـکات و خێـڵ و میرنشـین و هەمـوو کەسـایەتییە کـوردەکان بـە هەسـت و هۆشـیاری نەتەوایەتـی لـە خـەوی غەفلـەت بـە ئـاگا بێنێتـەوە، تاوەکـو چـیتر نەکەونـە گیانـی یـەکتری و بـە شـەڕو ناکۆکـی و ململانـێ و دووبەرەکـی ناوخـۆ غافـل نەبـن، تـا لـە ئەنجامـدا بێگانـە بەسـەریاندا زاڵ نەبـن و نەبنـە ژێردەسـت و خزمەتکاریـان. بـە بیریـان دەهێنێتـەوە کـە ئـەوان هەموویـان کـوردن و سـەر بـە یـەک ڕەگـەز و نەتـەوەن و خاوەنـی ئازایەتـی و چاونەترسـی و لێهاتوویـی تایبەتـن، بۆیـە دەبێـت لەگـەڵ یـەک تەبـاو یەکگرتووبـن و دووربـن لـە دووبەرەکـی و بێگانەپەرسـتی، ئـیتر بـە یەکێتـی و هێـز دەتوانـن دەسـتەڵاتی خۆتـان بسـەپێنن و پاشـاو تەخـت و تانـج مسـۆگەر بکـەن و لـە ئەنجامـدا نەتەوەکانـی تـری دەوروبـەر بەناچـاری خۆیـان دەبنـە گوێرایـەڵ و خزمەتکارتـان. بەمشـێوەیە خانـی هـزری نەتەوایەتـی خـۆی لـە شـیعرەکانیدا بـە ڕوونـی بەرجەسـتە دەکات

**سەرچاوەکان**


Huard-Champoux, M. (2008). Des théories du nationalisme à la construction identitaire nationale: l'identité nationale dans un contexte de légitimation politique en chine. Mémoire de maîtrise. (s. l. Laliberté, Ed.) Université du québec à montréal

بدلیسی, م. (٢٠٠٦). شەرەفنامە.(و. م. هەژار هەولێر: ئاراس.

جەعفەر عەلی. (٢٠١٣). ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. هەولێر: رۆژهەڵات.

چنگیانی, ج. (٢٠١٧). هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. هەولێر: حاجی هاشم.

خانی, ئ. (٢٠٠٨). مەم و زین. (ئ. و. هەژار، هەولێر: ئاراس.

خەزنەدار, م. (٢٠١٠). مێژووی ئەدەبی کوردی. هەولێر: ئاراس.

سمیس, ئ. د. (٢٠٠٤). نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. (و. هـ. سیوەیلی، هەولێر: ئاراس.

سەلام, ئ. ع. (٢٠٠١). سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە دەقی شیعری نەسرینی فایەق بێکەسدا). گۆڤاری کاروان(١٥٥), ١٥٥-١٦٤.

شـەمس, س. (٢٠١٢, ١١ ٢٧). بزاڤـی ناسـیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتـەوە، پێکهێنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان لـە نێـوان خـەون و ڕاسـتی دا. . Retrieved from https://www.blogger.com/profile/٠٩٨١٤٤١١٦٢٩١٦٨٢٧٠٠٢٩

ساڵـح, ئ. ك. (٢٠١٠). ڕەخنـەی کۆمەڵایەتـی و پراکتیزەکردنـی لـە شـیعرەکانی گۆرانـدا. نامـەی ماسـتەر: فاکەڵتـی پـەروەردە زانکـۆی سـەلاحەدین

عومەر, م. ئ. (٢٠٠٥). ئەدەب و کۆمەڵگا. هەولێر: گۆڤاری ڕامان.

فندی, ر. (٢٠٠٨). الفكر القومی الكوردی بین خانی و حاجی قادر الكويی. ؟: ؟.

قانع, م. و. (٢٠٠٥). ناسیۆنالیزم و سەفەر. سلێمانی: ڕەنج.

قەرەداغی, ع. (٢٠٠٢). گەڕان بە دوای بووندا. سلێمانی: سەردەم.

قەرەداغی, ع. (٢٠٠٧). گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی. سلێمانی: ڕەنج.

کۆچێرا, ك. (٢٠١٣). بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی. (و. ح. رەستگار, Ed.) هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

مستەفا, س. ح. (٢٠١٥). بیـری نەتەوەیـی و بەرنگاریـی لـە شیعرەکانی (کامـەران موکـری)دا. زانکـۆی سـلێمانی: نامـەی ماسـتەر فاکەڵتـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان

مناف, م. (٢٠١٦). دیداری هزری نەتەوەیی. هەولێر: رۆژهەڵات.

مەحمود, ئ. (٢٠١٧). ڕۆڵی هێز لە بە دەوڵەتبوونی کوردستاندا. سلێمانی: سەردەم.

مەزهەر, ك. (٢٠٠١). چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد. (ئ. ع. زەنگەنە, Ed.) بغداد: الادیب البغدادیة.

ئاگرین, ع. ع. (١٩٩٤). شیعری سیاسی کوردی لە خوارووی کوردستان (١٩١٨-١٨٣٠). نامەی ماستەر: زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

ئامێدی, ع. ی. (٢٠٠٥). هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (١٩٣٩-١٩٧٠). هەولێر: وەزارەتی پەروەردە

ئەحمەد, ك. م. (٢٠٠٠). کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ، : گۆڤاری پەیڤین ژمارە ٩سلێمانی.

ئەرگون, ز. (٢٠١٧). نەریتا نەتەوەیی د هەڵبەستا نوویا کوردیدە (١٨٨٠-١٩٧٠). زانکۆی زاخۆ: نامەی دکتۆرا فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ئەلعەزاوی, ق. ج. (٢٠١٥). ڕەگ و ڕیشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. و. د. موحسین ئەحمەد عومەر، ئیستانبوڵ: بەردان.

## Çavkanî I References

Huard-Champoux, M. (2008). Des théories du nationalisme à la construction identitaire nationale: l'identité nationale dans un contexte de légitimation politique en chine. Mémoire de maîtrise. (s. l. Laliberté, Ed.) Université du québec à montréal.

Bidlîsî, M. (2006). şerrefname.(û. m. hejar hewlêr: aras.

Ce'fer 'Elî. (2013). nasyonalîzm û nasyonalîzmî kurdî. hewlêr: rojhellat.

Çingyanî, C. (2017). hengawekan berew dewllet. hewlêr: hacî haşm.

Xanî, E. (2008). Mem û Zîn.wergêranî Hejar, Hewlêr: Aras.

Xeznedar, M. (2010). Mêjûy edebî kurdî. Hewlêr: Aras.

Simîs, . D. (2004). Netewexwazî, Tiyorî û aydolocî û mêjû. (wergêranî Sîweylî, Hewlêr: Aras.

Selam, . '. (2001). Sosyolojyay şî›rî Kurdî (Le deqî şî'rî Nesrînî Fayeq Bêkesda). govarî Karwan(155), 155-164.

Şemis, S. (2012, 11 27). bzavî nasyonalîzm û dewllet-netewe, pêkhênanî dewlletî serbexoy kurdistan le nêwan xewn û rastî da. . Retrieved from hittpis://www.blogger.com/profile/09814411629168270029

Salih, . k. (2010). rexney komellayetî û praktîzekirdnî le şî'rekanî Goran da. namey Master: fakultî Perwerde Zankoy Selahedîn.

'Umer, M . (2005). edeb û komellga. Hewlêr: Govarî Raman.

Findî, R. (2008). Alfîkrul- qewmî Elkurdî beyne Xanî we Hacî Qadir El-koyî. ?: ?.

Qani', M. Û. (2005). Nasyonalîzm û Sefer. Silêmanî: Renc.

Qeredaxî, 'E. (2002). Geran be dway bûn da. Silêmanî: Serdem.

Qeredaxî, 'E. (2007). Gutarî nasyonalîzmî kurdî. Silêmanî: Renc.

Koçêra, K. (2013). Bizûtnewey neteweyî kurd û wîstî serbexoyî. (û. H. Restgar, Ed.) Hewlêr: çapxaney Rojhellat.

Mistefa, S. H. (2015). Bîrî neteweyî û beringarîy le şî'rekanî (Kameran Mukrî)da. Zankoy Silêmanî: Namey master fakultî Zaniste Mirovayetîyekan.

Menaf, M. (2016). Dîdarî hizrî neteweyî. Hewlêr: Rojhellat.

Mehmud, . (2017). Rollî hêz le be dewlletbûnî Kurdistan da. Silêmanî: Serdem.

Mezher, K. (2001). Çend Laperreyek le mêjûy gelî Kurd. (. '. Zengene, Ed.) Bexdad: El-Edîbul-Bexdadiye.

Agirîn, '. '. (1994). Şî›rî Siyasî kurdî le xwarûy Kurdistan (1918-1830). Namey master: Zankoy Selahedîn- Hewlêr.

Amêdî, '. Î. (2005). Honrawey bergrî le berhemî çend şa'îrêkî kirmancî serû da (1939-1970). Hewlêr: Wezaretî Perwerde.

Ehmed, K. M. (2000). Kurdî Silêmanî û Bexda le nêwan herdû cengî cîhanî da , : govarî Peyvîn Jimare 9 Silêmanî.

Ergun, Z. (2017). Nerîta neteweyî di hellbesta nûya kurdî de (1880-1970). zankoy Zaxo: Namey doktora fakultî zaniste mrovayetîyekan.

El’ezawî, Q. C. (2015). Reg û rîşekanî nasyonalîzmî Turkî. û. Dr. Muhsîn Ehmed ‘Umer, İstanbul: Berdan.

## EXTENDED SUMMARY

The aim of this research is an attempt to discuss, identify and present national thought in Kurdish poetry in general and national thought in classical Kurdish poet Ahmadi Khani in particular.

In classical Kurdish poetry, Ahmadi Khani is considered the father of national thought, which reflects all the principles of national identity in his works. The influence of Khani's national thought on the national consciousness of Kurdish writers and intellectuals can also be seen. However, it should be noted that Khani, with an Islamic background, tried to express national feelings within the framework of Islam.

National thought as one of the most important and sensitive issues has become the subject and content of many literary genres, especially poetry. Kurdish literature has welcomed national thought and Kurdish poets have written hundreds of poems and works on it. The first person to look at this issue very clearly is the classical Kurdish poet Ahmadi Khani, who is called the pioneer and even the father of Kurdish national thought. This study has tried to devote its content to national thought in general and the classical Kurdish poet (Khani) in particular and to unveil the national thought that Khani embodied in his work. This study also attempts to discuss the different opinions of Kurdish writers and researchers on Khani's national thought. For this purpose, the content of the research is divided into two main parts. In the first part, national thought is presented in several aspects such as: concepts, theories, history of emergence and relationship with literature. In the second part, he focuses on Khani, as an example of a classical Kurdish poet, several aspects of national thought in his Mam and Zin, such as: embodying Kurdish cultural identity, culture of courage, fearlessness, discord and division The desire for freedom and independence in the heart of the Kurdish nation, the service of language Kurdish literature and efforts to embody national feelings and consciousness, etc.

In general, this study attempts to answer several key questions:

- What are Khani's national ideas and how are they embodied?

Q: What are the opinions of Kurdish researchers and writers about Khani's national thought in general and do they all agree on the same opinion, or do they differ? how and why

The researcher wants to achieve some scientific results by answering these main questions.

Of course, our research, like all other research, has overcome several problems. In general, we can say that the existence of different texts of Khani's Mam and Zeen and the lack of translation and interpretation in Sorani dialect.

This research is conducted within the framework of a qualitative approach and on the basis of interpretation and description, to determine the national thought of the classical Kurdish poet (Khani). The samples of poems are unlikely and deliberately analyzed according to their importance to the discussion.

We can say that there are more than one reason behind the choice of this topic, as the content and subject of our research, the most obvious of which is due to the attractiveness and importance of this topic.

This study includes several results, but the most important are:

National thought has a long history in classical Kurdish poetry. We can say that three or four centuries ago, according to the national concept of that time, this kind of thought appeared in the classical Kurdish poet (Ahmadi Khani). Khani, as a mullah, intellectual and poet of that time, felt the

differences and oppression of other nations around him and understood that Kurds as a different nation should unite their efforts to ensure their freedom, rights and values under the shadow of a king.

Khani in his Mam and Zeen openly talks about his existence as a Kurd and distinguishes himself from other nations of that time. He also points out the fact that he uses his Mam and Zeen as an excuse to direct his national message and thought and to awaken Kurdish tribes, emirates and all Kurdish personalities with national feelings and consciousness, so that they no longer fall into each other's souls Do not neglect internal conflicts and divisions, so that foreigners do not dominate them and become their subjects and servants. He reminds them that they are all Kurds and belong to the same race and nation and have special courage, fearlessness and skills. Therefore, they must be united and avoid divisions and xenophobia Your servant. Thus, Khan clearly expresses his national thought in his poems.